



## کۆچ و گەڕانەوەی

# مستەفا بارزانی

## بۆ ئێستاو ئاینده چیمان پێدەڵێت؟

ئەبراهام لنکۆڵن دوای زیاتر لە ٨٠ ساڵ، کاتێك دووبارە بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا دەخوێنێتەوە، دەنگێك رایدەچڵەکێنێت و پێی دەڵێت: ((بەپێی دێڕەکانی ناو ئەم بەیانە دەبێت هەموو ئەمریکییەك ئازاد بێت، کاتێك بە خوێن ئازادیمان بەدەستهێنا، بۆ ئەوە بوو ئەمریکییەکان کۆیلەو ژێردەستەی کەس نەبن، بەڵام ئێستا بەشێکتان کۆیلەی بەشێکی دیکەتانن، ئایا بەیانی سەربەخۆییمان چ مانایەکی هەیە؟)) ئەو دەنگە، دەنگی جۆرج واشنتۆن بوو کە لە ئاهەنگی چاخواردنەوەی بۆستن لەسەر بنەمای (باج دەدەین بە ئاو . نایدەین بە حکومەتی بەریتانیا) بڵێسەی شۆڕشی ئەمریکای راگەیاند. هەر بۆیە لنکۆڵن جارێکی دیکە لەسەر هەمان بەدەنگهێنانەوەی فیکری جۆرج واشنتۆن، شۆڕشی دژی کۆیلایەتی راگەیاند و لە مێژووی ئەمریکادا خۆی گەیاندە پایەی باوکانی دامەزرێنەر و نازناوی میراتی ئازادیشی لە مێژووی ئەمریکادا پێ برا.

کەواتە سیمبولەکانی نەتەوە، یان باوکانی دامەزرێنەری بناخەی ئازادیی نەتەوە، ئەو سیمبول و کەسایەتییانەن کە هەر بەزیندوویی لە ویژدانی تاکەکانی نەتەوە دەمێننەوە و لەکاتی پێویستدا دووبارە هەمان فیکر بە زیندوویی وەك فیکرێکی پێویست دەبێتە رێگەنیشاندەر بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئازادی و قوربانییەکانی نەتەوە لە پێناوی ئازادیدا بکەین.

بۆ ئێمە لە کوردستاندا، مستەفا بارزانی بێجگە لەوەی پایەی گەیشتۆتە باوکانی دامەزرێنەری بیری نەتەوەیی کوردستانی، لە هەمانکاتدا وێستگەکانی تەمەنیشی خۆی بە تەنیا قوتابخانەیەکی جیاوازە بۆ دەوڵەمەندکردن و دووبارە پێناسەکردنەوەی بیری نەتەوەیی لەسەر دەمێکی جیاوازدا. ئەمەش مانای ئەوەیە بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی تەنیا رامانێکی سەرپێیی نەبووە لە فیکری سەرکردەکانی پێش خۆی، بەڵکو هەوڵیداوە کە خۆی ببێتە کاراکتەرێکی چالاك بۆ داهێنانی چەمك و شێوازی تازە بۆ نوێکردنەوەی شێوازی خەبات و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەسەردەمی خۆیدا نەتەوە رووبەڕووی کردۆتەوە.

تایبەتمەندییەکی دەگمەن کە مێژووی خەباتی مستەفا بارزانی لە سەرکردەکانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە لەم مێژووەدا چەندین وێستگەی کۆچ و گەڕانەوەی لەخۆی گرتووە، نێوان هەر کۆچێك و گەڕانەوەیەك قۆناخێکی نوێ لە فیکری مستەفا بارزانی نمایش دەکات و وەك دابڕانێك لە نێوان دوو قۆناخدا لەیەکتریان جیادەکاتەوە. کەواتە دووركەوتنەوەی مستەفا بارزانی لێمان وەك لاشە مانای دووركەوتنەوەی ئەو نییە وەك رۆح، بەڵکو ئاوێتەبوونێك لەنێوان رۆحی مستەفا بارزانی و رۆحی نەتەوە بوونی هەیە لە هەموو کۆچ و



گەڕانەوەیەکدا رۆح و فیکری نەتەوە نوێ دەکاتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کۆچ و گەڕانەوە لە مێژووی مستەفا بارزانی-دا بوونی هەیە، بەڵام کۆچی دوایی بوونی نییە.

مستەفا بارزانی لە دوای شۆڕشی یەکەمی (بارزان) لە سییەکانی سەدەی رابردوو، یەکەم کۆچی درێژخایەنی خۆی دەستپێکرد و پاشان بۆ ماوەیەکی درێژ لە سلێمانی گیرسایەوە و پاشان دوای زیاتر لە ١٠ساڵ جارێکی دیکە گەڕایەوە و یەکەم شۆڕشی نەتەوەیی بەناوی شۆڕشی دووەمی (بارزان) راگەیاند، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بەراوردێك لەنێوان شۆڕشی یەکەم و دووەمی بارزان بکەین، ئەوا ئەو جیاوازییە ئاستی بیرکردنەوە و جیاوازی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی لە دوو قۆناخی جیاوازدا وێنادەکات، قۆناخێك کە تیایدا فیکری مستەفا بارزانی هەوڵیداوە ئەو کاراکتەرە چالاکە بێت کە شێوازی شۆڕش و خەبات و مقاوەمەت لە ناوچەگەرییەوە بگوازێتەوە بۆ شۆڕشێکی سەرتاسەری لەسەر ئاستی کوردستانی گەورەو بەشداری لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکات.

لەو ماوەیە مستەفا بارزانی سەربازی کۆماری کوردستان بووە، ئاستێکی دیکە لە شێوازی بیرکردنەوەی بۆ سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان دەستپێدەکات، ئەویش دروستکردنی چوارچێوەیەکە کە هەموو حزبەکان و بیروبۆچوونە جیاوازەکان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان لەچوارچێوەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کۆیان دەکاتەوە، بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی لە دامەزراندنی پارتێك بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بنەڕەتدا دامەزراندنی حزبێکی سیاسیی موجەڕەد نەبووە بۆ ئەوەی نەتەوە لەسەر ئایدیۆلۆژیەتێکی
دیاریکراو ئاراستەبکات، بەڵکو بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی پێناسەیەکی جیاوازە بۆ حزب لە قۆناخی رزگاری نیشتمانیداو ئەو کاتەیە کە نەتەوە بە هەموو پێکهاتە و چین و توێژە جیاوازەکانیەوە لەلایەن ئیرادەیەکی دەرەکییەوە ژێردەستەکراوەو مافەکانی پێشێل دەکرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پارتی لە فیکری مستەفا بارزانی چوارچێوەیەك بووە بۆ یەکڕیزی و یەکبوون و یەك ئیرادەیی بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو ئیرادە دەرەکییەی کە هەموو کوردستانیانی ژێردەستە کردووەو مافەکانی پێشێل کردوون. لێرەدا پێویستیی وردبوونەوەو هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم فیکرە بەرەو دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ کێشەکانی سەردەمی خۆمان هەنگاومان پێهەڵدەگرێت و پێمان دەڵێت: مستەفا بارزانی پارتی دیموکراتی کوردستانی دانەمەزراند بۆ ئەوەی دوای دامەزراندنی پارتی، شۆڕشی سەرتاسەری دەست پێبکات، بەڵکو شۆڕشی سەرتاسەری دەستی پێکردبوو، بەڵام پارتیی دامەزراند بۆ ئەوەی یەکبوون و یەکڕیزی و یەك ئیرادەیی دروست بکات کە مەرجی سەرکەوتنی هەموو شۆڕش و بەرخودانێك بووە.

مستەفا بارزانی لەدوای رووخانی کۆماری کوردستان و دامەزراندنی پارتی جارێکی دیکە کۆچی پەڕینەوەی لە رووباری ئاراس دەستپێکردو ئەمجارەیان ١٢ساڵ لێمان دوور کەوتەوە، لێرەوە ئەگەر هەڵوەستە لەسەر ساڵی ١٩٤٦ بکەین کە مستەفا بارزانی بڕیاری کۆچی کاروانە مێژووییەکەی پەڕینەوەی لە ئاوی ئاراسی دا، ئەو وەك سوپاسالاری کۆماری کوردستان کۆچی کرد، بەڵام کاتێك لە ساڵی ١٩٥٨ گەڕایەوە وەك سەرکردەیەکی جیهانی و هاوشانی جەمال عەبدولناسر کە بە رابەری نەتەوەی عەرەب دادەنرا، لە میسرەوە گەڕایەوە، کە گەڕاشەوە بۆ عێراق، تەنیا وەك رابەری نەتەوەی کورد نەگەڕایەوە، بەڵکو وەك سەرکردەیەکی نێودەوڵەتی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقی بەکورد و عەرەب و



تورکمان و کلدان و ئاشوری لە فرۆکەخانەی موسەنا بۆ پێشوازیکردنی پێکەوە کۆکردەوە. ئەمە مانای ئەوەیە ئەمجارەشیان مستەفا بارزانی ئەو کاراکتەرە چالاکە بوو کە فیکری نەتەوەیی بە شێوازێکی جیاواز پێناسەکردەوە و ئەم تێگەیشتنە تازەیەی بووە هەوێنی شۆڕشی ئەیلوول و گرێدانەوەی خەباتی دیپلۆماتی بە خەباتی سیاسی و چەکدارییەوە، بەرهەمەکەشی وەك لە ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ بینیمان، ئەوە بوو بۆ یەکەمین جار لەمێژووی نەتەوەییماندا یەکێك لەدەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستان بە فەرمی و بەیاسا دانی بەمافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستاندا نا، ئەم ڕێککەوتنە ئەگەرچی دواتر حکومەتی ئەو کاتی عێراق لێی پەشێمان بووەوە و لەچوارچێوەی پیلانێکی نێودەوڵەتیدا بەشێك لە عێراق درا بە ئێران بۆ ئەوەی شۆڕشی کوردستان تووشی نسکۆ بێت، بەڵام ئەم دیکۆمێنتە هەر ئەو دیکۆمێنتە بوو کە لەساڵانی دواتر نەك هەر تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو هەر لایەنێکی سیاسی، ئەوجا سوشیالیست بووبێت، یان یەکێتی نیشتمانی و تەنانەت بەرەی کوردستانیش کاتێك ویستوویانە دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق بکەن، گەڕاونەتەوە بۆ دیکۆمێنتی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ کە لەسەر دەستی ڕابەری نەتەوەییمان مستەفا بارزانی بەدەست هاتبوو.

کۆچێکی دیکەی بارزانی دوای ساڵی ١٩٧٥ بەهۆی نەخۆشییەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست پێدەکات، لەماوەی مانەوەی لە ئەمریکا، لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا لەو کاتەدا خاوەنی گەورەترین هێزی سەربازی و خاوەنی ٣٠٪ی ئابووریی هەموو جیهان بوو، بەڵام سانسۆری لەسەر دیدار و چالاکییەکانی مستەفا بارزانی دانابوو، لەبەر ئەوەی ئەمریکییەکان قەناعەتی تەواویان بەوە هەبوو کە ڕاستە توانییان لە چوارچێوەی پیلانێکی نێودەوڵەتی نسکۆ بەسەر شۆڕشی کوردستاندا بهێنن، بەڵام لەوە دڵنیابوون چۆن سۆڤیەت پیلانی لە کۆماری کوردستان گێڕاوە و مستەفا بارزانی شێوازێکی نوێتری خەباتی داهێنایەوە، ئەمجارەش لە ئەمریکاوە شێوازێکی نوێی خەبات دەست پێدەکاتەوە، بەڵام هەموو ئەمانە نەیانتوانی ڕێگە لە پەیامی بارزانی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بگرێت و کاتێك بانگهێشت کرا بۆ یادی دامەزراندنی لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەمریکا، مستەفا بارزانی زۆر ڕاشکاوانە پێی گوتن: سەیری بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانم دەکرد، ئاڵای هەموو نەتەوەکان دەشەکێتەوە، بەڵام ئاڵای نەتەوەی کوردم نەبینی. ئەم قسەیەی مستەفا بارزانی لەو پلاتفۆرمە نێودەوڵەتییە ئەو پەیامەیە کە پێیان دەڵێت: ئێوە چۆن وەك ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی باس لە مافی مرۆڤ دەکەن کە مافی چارەی خۆنووسین و هەقی دەوڵەتی سەربەخۆ بە کورد ڕەوا نابینن؟

مستەفا بارزانی لە مارتی ١٩٧٩ گەڕایەوە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ماوەی نزیکەی ١٤ ساڵ میوانی خەڵکی شاری شنۆی ڕۆژهەڵات بوو. گەرچی ئەم گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوی لێنراوە (کۆچی دوایی)، بەڵام کۆچی دوایی نەبوو، لەبەر ئەوەی لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ جارێکی دیکە لەگەڵ ئیدریسی هەمیشە لەیاد پێکەوە ئەمجارەیان لەهەورامانی دەلالەوە بەرەو بارزان گەڕایەوە، گەڕانەوەی بارزانی لە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ گەڕانەوەی ساڵی ١٩٧٩ی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیسان نەك دوو قۆناخی جیاواز لە شێوازی خەبات بەرجەستە دەکات، بەڵکو دوو سەردەمی جیاوازی ژێردەستەیی و ئازادی پیشاندەدات. مستەفا بارزانی لە



گەڕانەوەی ساڵی ١٩٩٣ دووبارە پێی گوتینەوە ئازادی و سەرفرازی یەکجاری بەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە دروست دەبێت کە من ئێستا لە هەورامانەوە بۆ بارزان و لە بادینانەوە بۆ بارزان دەیبینم و ئەگەر دەتانەوێت بگەنە سەرفرازی یەکجارەکی، ئەم یەکڕیزی و یەك ئیرادەییە مەشێوێنن و بێجگە لەیەك هەڵوێستی و یەك ئیرادەیی بیر لە هیچ شتێکی دیکە مەکەنەوە. پێی گوتین: ئەگەر ئەم ئیتفاقە لەنێوانتاندا هەبێت، دەتوانن چەوسێنەرانتان بکەن بە خزمەتکاری خۆتان.

بارزانیی مستەفا لەساڵی ١٩٩٨ جارێکی دیکە دەبێتەوە میوانی زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن لەناو سەنتەری ئاشتی بۆ جیهان، مەڵبەندی مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی دەکرێتەوە، لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی ئەم مەڵبەندەدا، بنیامین لەندەر سەرۆکی ئەوکاتی زانکۆی ئەمریکا گوتی: بەناو هەموو مێژووی کوردو کوردستاندا گەڕاین، لە مستەفا بارزانی شایستەتر نەبوو مەڵبەندێکی بە ناو مەڵبەندی ئاشتی بەناویەوە بکرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە زانکۆیەکی وەك زانکۆی ئەمریکی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە ئەوە گرنگ نییە چۆن بیر لە بەدیهێنانی ئاشتی دەکرێتەوە، بەڵکو ئەوە پێویستە بگەینە ئەو فکرەی کە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی زەرورییە.

بۆ ئەمڕۆ کە یادی ٣٨ ساڵەی یەکێك لە کۆچەکانی مستەفا بارزانی دەکەینەوە، ئایا دەتوانین ناوی لێ بنێین کۆچی دوایی و جارێکی دیکە مستەفا بارزانی ناگەڕێتەوە، یان پێویستمان بە کۆچ و گەڕانەوەیەکی دیکەی نییە؟ یان پێداویستیمان بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی لە فیکری بارزانی دەگاتە ئەو ئاستەی وەك ئەبراهام لنکۆڵن کە چۆن دوای ٨٠ساڵ جۆرج واشنتۆنی بەدەنگ هێنایەوە و مانای دایەوە بە بەیانی سەربەخۆیی، ئایا ئێمەش بە هەمان شێوە دەتوانین لە ناو ئەو فیکرەدا مستەفا بارزانی بەدەنگ بێنێنەوە و ڕێگەی ئایندەمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە؟

لە ئێستادا کاتێك سەرۆك مسعود بارزانی دەبینین وەك قوتابییەکی پەروەردەی فیکری بارزانی و کاراکتەرێکی چالاك هەوڵدەدات فیکری پێویست بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی ئایندەمان دابهێنێت و شێوازی تازە بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازی پیادە بکات، دەگەینە ئەوەی کە ئەمجارەیان مستەفا بارزانی لەجەستەی سەرۆك مسعود بارزانی-دا گەڕایەوە، ئەوە نییە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ پێناسەی مستەفا بارزانی لە مێژوودا، دۆست و دوژمن دەڵێت: بارزانی لەسەدەی بیستەمدا کوردی بە جیهان ناساند، بەڵام بارزانیی سەدەی بیست و یەك کە مسعود بارزانی -یە هەموو کوردی کرد بە پێشمەرگە و پێشمەرگەی کرد بەسیمبول و پارێزەری بەهاکانی مرۆڤایەتی. ئەمجارەیان بارزانیی سەدەی بیست و یەکەم هەمان بارزانیی سەدەی بیستەمە، بەڵام لە قۆناخ و سەردەمێکی جیاواز و هەموو کورد دەستەو نەزەر ڕاوەستاوە بۆ ئەوەی مسعود بارزانی بڕیار بدات و هەموو پێکەوە سڵاو لە ئاڵای سەربەخۆیی کۆماری کوردستان بکەین.



# کۆماری کوردستان

## خاڵی وەرچەرخانی پێگەی جیۆپۆلیتیکی هەژموونی ئەمریکا و ئەوروپا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا





«لە ئێستا کە پرۆسەی سەربازی بۆ تێکشکاندنی داعش بەرەو کۆتایی دەچێت، بۆ ئیدارەی ئەمریکا کاتێکی باشە بۆ ئەوەی باس لە (دەوڵەتی عێراق– کۆماری کوردستان لەدوای داعش) بکەین، پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ کە ماوەی نزیکەی ٦ مانگە دەستی پێکردووەو خەریکە کۆتایی دێت، راستە سەرکەوتنێکی سەربازی گەورەیە بەسەر تیرۆریستانی داعشدا، بەڵام ئەم سەرکەوتنە سەربازییانە هیچ مانایەکی نابێت ئەگەر وەرچەرخانێکی گەورەی سیاسی بە دوای خۆیدا نەهێنێت.
ئێستا عێراق بەکردەیی لە ناو شەڕێکی ناوخۆیی شیعەو سوننەدایە، مێژووی عێراق پێمان دەڵێت: (بە زۆر مارەکردنی کوردستان لە عێراق کارێکی هەڵە بووە)، لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە هەتا ئێستا هەرگیز کوردستان نەبۆتە بەشێک لە عێراق، لە ماوەی سالانی ١٩٦١– ١٩٩١ کە ٣٠ ساڵ دەکات، کورد بەشی زۆری ئەم ماوەیە لە شەڕێکی خوێناویدا بووە لەگەڵ حکومەتی عێراق، سەرەنجام دوای ئەوەی ئەمریکا دەستتێوەردانی کرد لە شەڕی یەکەمی کەنداو، گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە نەوای ئارام دروست بکرێت و کوردستانی سەربەخۆ بەشێوەی دیفاکتۆ بێتەئاراوە، ئەم مێژووە پێمان دەڵێت: کورد نایەوێت بەشێک بێت لەعێراق، ئەگەر بەزۆر بلکێندرێتەوە بە عێراقەوە کێشەی گەورەتری بەدوادا دێت.
لە ئێستادا ئەمریکا پێویستی بەوە نییە کێشەی زیاتری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ دروست بێت، ئەو بارودۆخەی کوردستان کە ماوەی چەند ساڵێکە وەک دیفاکتۆ هێڵدراوەتەوە، لە پێناوی ئەوەیە کە کێشەکان کەمتر ببنەوە، بەڵام هێشتنەوەی بارودۆخەکە بەمشێوەیە هەڵەیە، لەبەر ئەوەی لە دوای ساڵی ٢٠١١ ـەوە بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت و پێویستی بە گۆڕانکارییە. هەر لەسەرینی ئەم گۆڕانکارییانەوەیە کە دووساڵ پێش ئێستا عەرەبستانی سعودی راشکاوانە دانی بەو راستییەدا نا، ئەگەر خۆمان نەگۆڕین، ئەوا رێگە ون دەکەین، لەسەر ئەم بنەمایە نابێت مێژووی رابردووی عێراق، ئایندەی عێراق دیاری بکات و دەبێت ئایندەی عێراق وەک رابردووی عێراق نەبێت.
هەر بۆیە ئەگەر لەسەر هەمان رێگەی رابردوو بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق هەنگاو هەڵبگرین، ئەوا ئەم ئاراستەیە هەم بۆ کوردستان و عێراق خراپە، هەمیش بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا.
هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی کوردستان لەناو عێراقدا، بارودۆخەکە خراپتر دەکات، هەروەها دەستووری عێراق دیکۆمێنتێکی باش نییە و چەندین کەموکورتی گەورەی


● **درێژەدان بە سیاسەتی یەکپارچەیی عێراق خۆری ئەمریکاو ئەوروپا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاوا دەکات**

ئەگەر وەك نەیارانی سەربەخۆیی لە کوردستان پێی شاگەشکە دەبن، وای دابنێین کوردستان هەربەشێك دەبێت لە عێراق و هەوڵەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشیش، دوای ئازادکردنەوەی موسڵ و رووخاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش، هەر بەوجۆرە دەبێت کە دەیانەوێت جارێکی دیکە لە چوارچێوەی عێراقدا کێشەی هەرێمی کوردستان و بەغدا چارەسەر بکەن. بەڵام ئەو پرسیارانەی لەم چوارچێوە سەرهەڵدەدەن ئەوەیە، ئایا هەوڵدانێك بەم ئاراستەیە دەبێتە هۆکاری ئەوەی عێراقێکی ئارام و سەقامگیر و فرەیی و فیدراڵی و دیموکراتی بێتەئاراوە؟ ئایا ئەم عێراقە

هەیە، لەو دەستوورەدا کورد زۆر لۆژیکانە جەختی لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و دەسەڵاتەکانی لە چوارچێوەی هەرێمی فیدراڵی کوردستان کردۆتەوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کێشەی دیکە لە عێراقدا دروست ببێت. کەواتە ئەگەر کوردستان لە عێراق جیاببێتەوە، ئەوکات بیر لەوە دەکرێتەوە چۆن پێوەندیی نێوان پارێزگاکانی سوننە لەگەڵ پارێزگاکانی شیعە ڕێکبخرێتەوەو دەزانرێت چۆن هەوڵدەدرێت بۆ ئەوەی لایەنە مەزهەبگەراییەکانی شیعە و سوننە پێکەوە کۆبکرێتەوە.

ئەم واقیعە تازەیە فەرزی دەکات کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە عێراقدا بێتەدی، جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئایندەی عێراق لەسەر رابردووی عێراق بونیاد بنرێتەوە، کێشە دروست دەکات و کێشە و ئاڵۆزی زۆرتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆیە لەم کاتەدا رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت دەستپێبکات و چۆن هەنگاوی پێویست بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ هەڵدەگیرێت؟ بۆ ئەمە پێویستە ئەمریکا ببێتە ناوبژیوان لەنێوان کوردستان و عێراقدا، سەبارەت بەوەی سنووری نێوان کوردستان و عێراق چۆن دەبێت، ئایا بارودۆخی کەرکووک چۆن چارەسەر دەکرێت و ئایندەی کەمینەکان لەکوردستاندا چۆن دەبن. پێوەندیی نێوان کوردستان و عێراق لە ئایندەدا چۆن دەبێت. ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بە شێوەیەکی یەکلایەنە لەلایەن کوردستانەوە کێشەی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە پێویستە هاوکاریی کوردستان و عێراق بکرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتییانە وەک چیکۆ- سلۆڤاکیای پێشوو پرۆسەکە بەرەو سەرکەوتن بەرن.

من هیوادارم هەردوو لایەنی کوردستان و عێراق پێکەوە لەسەر یەک مێزی دانوستاندن کۆببنەوە و بە ڕاشکاوی باسی ئەم پرسە بکەن. لە ئێستادا جێگەی خۆشحاڵییە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە پرسی سەربەخۆییان لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق باسکردووە. ئەوەی گرنگە لە ئێستادا ئەوەیە کە دەبێت پرۆسەی وتووێژ بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە نێوان هەولێر و بەغدا دەستپێبکات و گرنگ نییە ئەم پرۆسەیە چەند دەخایەنێت، بەڵام زۆر گرنگە ئەمریکا خۆی سەرکردایەتی ئەم پرۆسەیە بکات، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە پرسی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ عێراقدا بە ئەنجام بگات.»



- کینس پۆلاک بەڕێوەبەری سەنتەری سابان لە ئامۆژگای برۆکینگز
- بەشداربووی پەنێڵی (دەوڵەتی عێراق . کۆماری کوردستان لەدوای داعش) لە رۆژی ٢٣ی شوباتی ٢٠١٧ لە ئامۆژگای هۆدسۆن .

دەبێتە هاوپەیمانێکی جێگە متمانەی ئەمریکاو رۆژئاوا، یاخود هەر خودی عێراق بۆشاییەکی دیکە دروست دەکات بۆ ئەوەی هێزی دیکەی هەرێمی جێگەی پێگەو هەژموونی ئەمریکا و رۆژئاوا بگرێتەوە؟ هەروەك چۆن ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران تا رادەیەکی زۆر گەورە جێگەی پێگەو نفوزی ئەمریکا و رۆژئاوای لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا گرتۆتەوە.

سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، دیارە هەموو سەنتەرەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە و تەواوی دیپلۆماتکار و بڕیارسازانی ئەمریکاو ئەورووپای رۆژئاوا، ڕاشکاوانە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە پەتای تیرۆر و تیرۆریستان (ئەوجا ناوی ئەلقاعیدە بێت، یان داعش، یان هەر ناوێکی دیکە) نەخۆشیی سەرەکیی پرۆسەی سیاسی نییە لە عێراقدا، بەڵکو

**بۆ ئێستای کوردستان خاڵی ئیجابی ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی کورستان یەکڕیز و یەکگرتووەو هیچ لایەنێکی سیاسی ناتوانێت بە ئاشکرا دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان بکات، بەڵکو بڕو بیانوو دروست دەکات بۆ ئەوەی ئامانج و مەرامەکانی خۆی لە ژێردا بشارێتەوە**

**یەکگرتنەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و بەشێک لە کادیرانی کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ ئەو لایەنە عەرەبییانەی دژی سەربەخۆیی کوردستانن، ئەمە پێی ناگوترێت جیاوازی بیروڕای سیاسی سەبارەت بەسەربەخۆیی، یان پێی ناگوترێت ئازادی رادەربڕین، کاتێک دژی سەربەخۆیی کوردستان، ژینگەی سیاسیی کوردستان ژەهراوی دەکەن**

**بارودۆخی عێراق و شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەی سەربەخۆیی لەنێوان کوردستان و عێراق پێویستی بەوەیە کە هێزی ئەمریکا لەکوردستان و عێراق بوونی هەبێت و لەدانیشتنی نێوان کوردستان و عێراق ئامادەبوونی هەبێت، بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە ئاشتی و سەرکەوتوویی کۆتایی پێبێت**

پەتای تیرۆر و تیرۆریستان دەرهاویشتەی ئەو سیاسەتە هەڵەیەیە کە چەندین ساڵە لەناوی سیاسەتی (یەك عێراق) هەوڵدراوە یەکپارچەیی دەوڵەتێکی دروستکراوی وەك عێراق بپارێزێت. کەواتە ئەم ئاکامەی هەموو لایەك پێی گەیشتوون، راشکاوانە پێمان دەڵێت: (عێراق بەیەك لایەن ئەوجا شیعە بێت، یان سوننە حوکمڕانی ناکرێت و پێکهاتەکانی شیعەو سوننەش ئەو ژێرخانە مەعریفییە دیموکراتییەیان نییە و تیاشیاندا دروست نابێت بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای شەراکەتی راستەقینەو دابەشکردنی دەسەڵات و داهات حوکمڕانیی عێراق بکەن.) هەربۆیە هەرچۆنێك پلان بۆ پابەندبوون بە سیاسەتی یەکپارچەیی عێراقەوە دابڕێژرێت، ئەوا ئاکامەکەی ئەوە دەبێت کە لەساڵی ٢٠١٤ داعشی لێ پەیدابوو کە دوای داگیرکردنی موسڵ خەلافەتی ئیسلامی تیا راگەیاند.

ئەمریکاو ئەوروپا لەشێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ سووریا و بەپێداگرتنیان لەسەر ئەوەی (هیچ چارەسەرێکی سەربازی بۆ کێشەی سووریا بوونی نییە)، بووە هۆکاری ئەوەی بۆشاییەك دروست بێت و کە رووسیا بە ئاشکرا بڵێت: (تەنیا چارەسەرێك بۆ مانەوەی رژێمی بەشار ئەسەد لەدەسەڵاتدا ئەوەیە کە دەستتێوەردانی سەربازی بکرێت و لەمەشدا رووسیا سەرکەوتوو بوو و توانیشی رژێمی ئەسەد بهێڵێتەوە و هاوپەیمانی نێوان دیمەشق و تاران و موسکۆ هێندەی دیکە بەهێز بکات و تورکیاش لەناو ناتۆوە بۆ ئەم هاوپەیمانییە پەلکێش بکات و ئەویش بەمانەوەی رژێمی ئەسەد رازی ببێت)، ئەم ئاکامەی دەستتێوەردانی سەربازی رووسیا لە سووریا دروستی کردووە، لە راپۆرتی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان ناوی لێنراوە (قۆناخی پۆست رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا) راشکاوانەتر واتە خەریکە رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاست دێتەئاراوە کە تیایدا ئەمریکاو رۆژئاوا هیچ رۆڵ و کاریگەرییەکیان نابێت.

سیناتۆر جۆن مەکین کە نزیکەی ٤٠ ساڵە لەهیچ کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان دانەبڕاوە، بەڵام لە وتارەکەیدا سەبارەت بە پۆست رۆژئاوا، نموونەی بە قسەیەکی مێردەکەی زازا گابوری ئەکتەری بە ناوبانگی ئەمریکی – هەنگاری هێنایەوە کە لەو شەوەدا پێی گوتووە: (من دەزانم پێویستە کە لەم شەوەدا بیکەم، بەڵام ئەوەی کە نایزانم ئەوەیە چی بکەم بۆ ئەوەی کە کردەوەکانم رەنگدانەوەی بایەخپێدانێکی گەورە بێت.) مەکین مەبەستی لەم قسەیە ئەوەیە کە ئەمریکاو ئەوروپا دەزانن ئەوەی پێویستە دەبێت بیکەن بۆ ئەوەی رۆژئاوا رۆڵی خۆی هەر بمێنێت، بەڵام ئەوەی جێگەی مشتومڕە ئەوەیە کە نازانن چۆن ئەو کارە بکەن بۆ ئەوەی رۆڵی رۆژئاوا رەنگدانەوەی هەژموون و پێگەی رۆژئاوا بێت لە کۆنترۆڵکردنی ئاسایش و کێشەکانی جیهاندا بەگشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی.

ئەوجا ئەگەر سەبارەت بە هەڵوێستی سیناتۆر مەکین بەرامبەر سەربەخۆیی کوردستان بپرسین، ئایا لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی چۆن باسی سەربەخۆیی کوردستانی کردووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان و یاوەری شاندی کوردستان بۆ کۆنفرانسی میونشن، هەر زوو بە میدیاکانی راگەیاند کە (جۆن مەکین لە کورد زیاتر بەپەرۆشە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان)، لێرەوە ئەگەر ئەم هەڵوێستەی مەکین گرێبدەینەوە بە نموونەی ئەو قسەیەی لە وتارەکەی خۆی لە میونشن ئاماژەی پێکرد، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە (سیناتۆر مەکین دەزانێت پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی هەژموونی ئەمریکاو ئەوروپا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگەرێتەوە ئاستی خۆی، بەڵام ئەوەی پێویستە بیری لێبکرێتەوە و پلانی بۆ دابنرێت، چۆن هەنگاو بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەڵبگرێت بۆ ئەوەی رەنگدانەوەی شکۆ و هەژموونی ئەمریکا و ئەوروپا بێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا). لەمەش زیاتر دەزانێت درێژەدان بە سیاسەتی یەکپارچەیی عێراق، یان جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کوردستان بەشێك بێت لە عێراق، عێراق دەکاتەوە زۆنێکی دیکەی نائارامی بۆ گەشەکردنی تیرۆریستان و مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو ئەوروپاو سەرەنجامیش دەبێتە هەڕەشەی جددی لەسەر ئەو بەهایانەی کە مایکل پینس جیگری

سەرۆکی ئەمریکا ئاماژەی پێکردن کە بریتین لە (دیموکراتی، دادپەروەریی، سەروەریی) کە هەردوولا -ئەمریکاو ئەوروپا- خۆیان بەخاوەنی ئەو بەهایانە دەزانن و شانازییان پێوە دەکەن.

لێرەوە ئەگەر ئەو پرسیارە بورووژێنین، ئایا بۆچی چارەسەرکردنی کێشەی عێراق و سەربەخۆیی کوردستان دەبنە دەروازەی دووبارە گێڕانەوەی هەژموونی ئەمریکا و ئەوروپا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ دیارە لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا جوگرافیای تەنگژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێمان دەڵێت: (بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا هەژموون و پێگەی بۆ بگەڕێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەبێت ڕۆڵێکی گرنگ لە چارەسەرکردنی کێشەکانی – عێراق، سووریا، یەمەن، لیبیا- بگێڕێت، واتە چوار دەروازەی لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە وەك هێزێکی یەکلاکەرەوە بێتەوەناو کێشەکانی ئەم ناوچەیە، بەڵام لە هەر سێ دەروازەی (سووریا، یەمەن، لیبیا) ڕۆژئاوا بۆشاییەکی ئەوتۆی دروستکردووە کە هێز و لایەنی دیکە پڕیان کردۆتەوە، بۆیە تاکە دەروازە کە دەتوانێت لێوەی بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی عێراقەو بەتایبەتی کوردستانە کە تیایدا دەتوانێت هەموو هێزی ڕۆژئاوا پێکەوە کۆبکاتەوە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و پاشانیش پلانێکی سیاسی و ستراتیژی ئەوتۆ دابڕێژێت کە جێگەپێی خۆی دووبارە لە ناوچەکە پێناسە بکاتەوە، ئەو خاڵە جیوپۆلیتیکەشی کە ڕۆژئاوا دەتوانێت خۆی لەسەر ڕابگرێتەوە، کوردستانە نەك هەموو عێراق، بۆیە بەپشتگیری ڕۆژئاوا بۆ سەربەخۆیی کوردستان، دەتوانرێت کۆنترۆڵی پرۆسەی سیاسیی بەشە عەرەبییەکەی عێراق بکرێت و سەرلەنوێ پێوەندییەکی تازە لە نێوان عەرەبی شیعەو سوننە دروستبکرێتەوە و ڕێگری لە شەڕێکی خوێناوی لە ناوخۆی شیعەو سوننە لە عێراقدا بکرێت، هەروەها ئەو بۆشاییەش پڕدەکرێتەوە کە لە غیابی کاریگەریی ئەمریکا لایەنی دیکە وەك کۆماری ئیسلامی ئێران پڕی کردۆتەوە. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا کۆماری ئیسلامی ئێران بەم چارەسەرەی ڕۆژئاوا بۆ ئایندەی عێراق ڕازی دەبێت، یان ڕاشکاوانەتر هیچ بەرهەڵستییەك بۆ دروستبوونی سەربەخۆیی کوردستان دروست ناکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە قسەکانی محەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران لە کۆنفرانسی میونشن وەردەگرینەوە کە تیایدا ڕاشکاوانە گوتی: ئەمساڵ ساڵی گۆڕانکارییە لەسەر ئاستی جیهان و حەزدەکەم لەسەر قۆناخی دوای ڕۆژئاوا و سیستمی جیهانی قسەبکەم، لە بارودۆخێکی لەمجۆرە پێویستمان بە وەرچەرخانێکی مەعریفی هەیە کە بگونجێت لەگەڵ ڕاستییەکاندا، ئەم وەرچەرخانە تەحەددای گەمەی کۆ سفری (Zero sum Game) لەسەر ئاستی گلۆباڵی دەکات و هەموومان پێویستمان بەوەیە کە درك بەو ڕاستییە بکەین کە بەدەستهێنانی ئاسایش و سەقامگیری لەسەر حیسابی ناسەقامگیری ئەوانی دیکە کارێکی ناواقیعییە و گریمانەیەکی بێ ئاکامە. لەم ڕوانگەیەوە ڕێگرتن لە توندڕەوی و توندوتیژی و تیرۆر، پێویستی بە بەرهەمهێنانی دینامیکییەتێکی تازە هەیە، بەبڕوای من هەنگاوی یەکەم و پێویست بۆ دیاریکردنی هەڕەشەکان، پێویستی بەدووبارە پێناسەکردنەوەی کێشەکان هەیە.

ئەگەر سەرنج لە نەزمی قسەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران بدەین، سەبارەت بەچۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە، کە هاوکاتە لەگەڵ سەردانی شاندی ئێران بۆ هەر یەکە لە سوڵتاننشینی عومان و دەوڵەتی کوەیت، ئەوا دەبینین دەستپێکی قسەکانی بەوە دەستپێکردووە کە ئەمساڵ ساڵی (گۆڕانکارییە)، بەڵام گۆڕانکاری لەچیدا؟ بێگومان لە جیۆپۆلیتکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پیشاندانی ئامادەباشیی کۆماری ئیسلامییە بۆ تەفەهومی ئەو گۆڕانکارییانە، بەمەرجێ نەبنە هۆکاری ناسەقامگیری بۆ ئێران، دیارە لەمیانەی سەردانی شاندی یەکگرتووی ئیسلامیش بۆ ئێران وەك مامۆستا هادی عەلی ئەندامی شاندی ناوبراو بە میدیاکانی ڕاگەیاندووە، ڕاستەوخۆ بەرپرسیارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە شاندەکەی یەکگرتوویان گوتووە، ئەگەر سەربەخۆیی کوردستان نەبێتە هۆکاری ناسەقامگیری بۆ ئێران، ئەوان تەفەهومی دەکەن و ئامادەن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

یەکگرتنەوەی قسەکانی بەرپرسانی ئەمریکی

**کێشەی سەرەکی لەسەر پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، لەو چوارچێوەیەدا نییە کە لایەنێکی سیاسی بیرکردنەوەیەکی جیاوازی سەبارەت بە شێواز و میکانیزمی هەنگاوهەڵگرتن بۆ سەربەخۆیی هەبێت و لە لایەنەکانی دیکە جیاواز بێت، بەڵکو کێشەی سەرەکی بەرەی سەربەخۆیی لەگەڵ ئەو یەک دوو لایانەی بە ناڕاستەوخۆ دژی سەربەخۆیی کاردەکەن ئەوەیە، ئەوان بەشێوەیەکی ڕیشەیی دژی سەربەخۆیین و نایانەوێت کوردستان سەربەخۆ بێت**

**پێویستە ئەمریکا بە هاوشێوەی ڕێککەوتنی کامپ دەیڤید لەنێوان میسر و ئیسرائیل، سەرپەرشتی ڕێککەوتنێکی هاوشێوە لەنێوان کوردستان و عێراق بکات و گرنگە ئاستی بەشداری ئەمریکا لەو ڕێککەوتنە لە ڕێککەوتنی کامپ دەیڤید کەمتر نەبێت**

**ئەو لایەنە شیعەیانەی کە نایانەوێت وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ عەرەبی سوننە بکەن، هەوڵدەدەن کێشەیەک لەنێوان کوردستان و عێراق دروست بکەن، بۆ ئەوەی کێشەی مەزهەبگەرایی نێوان شیعەو سوننە بگۆڕن بۆ کێشەی نێوان کورد و عەرەب و کێشە سەرەکییەکەی پێ بشارنەوە**

و ئەورووپا لەگەڵ قسەی بەرپرسانی ئێرانی سەبارەت بە حەتمیەتی گۆڕانکاری لە ناوچەکە، هەموویان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستی بە گۆڕانکاری لە نەخشەی جیۆپۆلیتکی ناوچەکە هەیە، لەم حاڵەتەشدا کە خاڵی دەستپێکی ڕۆژئاوا لە دەروازەی عێراقەوە دەست پێبکات، ئەوا مانای ئەوەیە جیاکردنەوەی کوردستان لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق، هەنگاوی دەستپێك دەبێت و هەر ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی سەرکردایەتی ئەم پرۆسەیە و سەربەخۆیی کوردستان دەکەن.

### ● ڕووخانی خەلافەتی داعش کۆتایی تیرۆر و تیرۆریستان نییە

کاتێك پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ کۆتایی دێت، ئایا بارودۆخی سیاسی لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق و پێوەندیی نێوان کوردستان و عێراق چۆن دەبێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان لە پەنێڵی (دەوڵەتی عێراق. کۆماری کوردستان دوای داعش) بەمجۆرە ڕوانگەی کوردستان بۆ ئەم پرسە دەخاتەڕوو و ئاماژە بەوە دەکات کە ڕاستە دوای ئازادکردنی موسڵ، خەلافەتی ئیسلامی داعش دەڕووخێت، بەڵام ڕووخانی خەلافەت مانای کۆتاییهاتنی تیرۆر نییە، بەڵکو تیرۆر هەڕەشەی داهاتووی بەردەمی کوردستان و عێراق و هەموو لایەك دەبێت، ئەوجا لەژێر ناوی قاعیدە بێت، یان داعش، یان هەر ناوێکی دیکە.

پرسیاری دیکە لەدوای ڕووخانی خەلافەتی داعش ئەوەیە، ئایا لەسەر چ بنەمایەك پرۆسەی سیاسی دەست پێدەکاتەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لەدووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و شەڕی ناوخۆی نێوان شیعەو سوننە بگیرێت؟ یان ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکرێت بۆ ئەوەی لەشەڕی دژی تیرۆری دوای داعشیش هەمان ڕۆڵی شەڕی تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش بگێڕێت؟ دیارە بۆ بارودۆخی ئاڵۆز و نادیاری دوای ئازادکردنی موسڵ، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەو ئاستە ئاسان نییە کە تەنیا بە بانگهێشتێك هەموو لایەنەکان و نوێنەری پێکهاتەکان لە سەر مێزێك کۆببنەوە و بڕیار لەسەر ئایندە بدەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك هەوڵەکان دەخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لەدوای ڕووخانی خەلافەتی داعش دەستپێبکاتەوە، بەئاستێك بێ متمانەیی لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکان، (کوردو عەرەب، کوردو شیعە، کوردو سوننە، هەروەها شیعەو سوننە) بوونی هەیە، ئەمەش دەبێتە تەحەددایەکی گەورە بەوەی چۆن لەسەر زەمینەی ئەو بێمتمانەییە قووڵەی لەنێوان پێکهاتەکان هەیە، زەمینەی لێکتێگەیشتن و وتووێژ و دیالۆگ دروست دەکرێتەوە، یان چۆن زەمینەیەك دەڕەخسێت بۆ گێڕانەوەی ئەو ئاوارانەی کە لە ئاکامی شەڕی دژی داعش ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە و ئێستا نزیکەی ١,٨ ملیۆن هاووڵاتی عێراقی تەنیا لە کەمپەکانی کوردستان دەژین، ئایا چۆن ئەو هەموو خەڵکە دڵنیادەکرێتەوە و چۆن دووبارە لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان نیشتەجی دەکرێنەوە؟

ئەو تەحەددایانەی دوای ڕووخانی خەلافەتی داعش دروست دەبن، ئەگەر مامەڵەیەکی واقیعییانە و لۆژیکییانەی لەگەڵ نەکرێت، دەبنە هۆکاری ئەوەی زەمینەیەك دروست بێت کە بەئاسانی گروپی دیکەی تیرۆریستی لەناویاندا گەشە بکات، یان پاشماوەی تیرۆریستانی داعش دووبارە خۆیانی تێدا ڕێکبخەنەوە.

پرسیاری دیکە کە لەناو کاراکتەرەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا سەرهەڵدەدات، ئەوەیە کە دوای ئازادکردنی موسڵ و ڕووخانی خەلافەتی داعش، هێزەکانی حەشدی شەعبی (کە بەشێکیان لەچوارچێوەی یاسا چارەسەرکراون و بەشێکیان لەدەرەوەی یاسان) وەك هێزێکی سەرکەوتوو و براوەی شەڕەکە خۆیان وێنا دەکەن، فەرماندەی ئەو هێزانە بەتایبەتی کەسانی وەك قەیس خەزعەلی فەرماندەی میلیشیای عەسائبی ئەهلی هەق و مەهدی موهەندیس کە ڕۆڵێکی کاریگەریان لەناو هەموو هێزەکانی حەشدی شەعبی هەیە، لەمیانەی هەڵبژاردەکانی عێراقدا ببنە کاراکتەری سیاسی و بڕیار بەدەست لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئایا لە حاڵەتی لەمجۆرەدا چۆن دەتوانرێت لەگەڵ خەڵکانی وەك قەیس خەزعەلی و مەهدی موهەندیس کار بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی عەرەبی شیعەو سوننە بکرێت، یان ڕێگە لەوە بگیرێت ئەوانە هەڕەشە لە کوردستان بکەن؟

**کەسێکی وەک مەهدی موهەندیس هێندەی پابەندە بە فەرمانەکانی ئێران، هێندە پابەند نابێت بە حکومەتی عێراقەوە، مەهدی موهەندیس لەدوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵ قاسمی سولەیمانی فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، کەسێکی وەک قەیس خەزعەلیش، لەوکاتەی ئەمریکا لە عێراقدا بووە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیر کراوە، بۆیە ئەگەر ئەوانە ببنە سەرکردەی سیاسی و بڕیاربەدەست لە عێراقدا، ئەوا کارێکی حەتمییە کە شەڕی ناوخۆی نێوان شیعەو سوننە زۆر خراپتر سەرهەڵدەداتەوە و زەمینەش دروست دەبێت بۆ ئەوەی گروپی توندڕۆتر لە داعش و قاعیدە سەر هەڵبداتەوە**

**ئەو تەحەددیانەی دوای ڕووخانی خەلافەتی داعش دروست دەبن، ئەگەر مامەڵەیەکی واقیعییانە و لۆژیکییانەی لەگەڵ نەکرێت، دەبنە هۆکاری ئەوەی زەمینەیەک دروست بێت کە بەئاسانی گروپی دیکەی تیرۆریستی لەناویاندا گەشە بکات، یان پاشماوەی تیرۆریستانی داعش دووبارە خۆیانی تێدا ڕێکبخەنەوە**

سەبارەت بەم خاڵانە پرۆفیسۆر مایك پێرگنت توێژەری باڵا لە ئامۆژگای هۆدسن و تایبەتمەند لەسەر گروپ و میلیشیاکانی عێراق، راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، بارودۆخی دوای رووخانی خەلافەتی ئیسلامی داعش، بۆ عەرەبی سوننە وەك ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ وایە، ئەوکات عەرەبی سوننە متمانەی بە شیعە و کورد و ئەمریکا نەبوو، بۆیە بەشداری هەڵبژاردنی نەکردو سەرەنجامیش زەمینە بۆ شەڕی ناوخۆی شیعەو سوننە دروست بوو، لە ئێستاشدا بارودۆخەکە لەو کاتە خراپترە، هەر بۆ نموونە کەسێکی وەك مەهدی موهەندیس هێندەی پابەندە بە فەرمانەکانی ئێران، هێندە پابەند نابێت بە حکومەتی عێراقەوە، مەهدی موهەندیس لەدوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵ قاسمی سولەیمانی فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، کەسێکی وەك قەیس خەزعەلیش، لەوکاتەی ئەمریکا لە عێراقدا بووە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیر کراوە، بۆیە ئەگەر ئەوانە ببنە سەرکردەی سیاسی و بڕیاربەدەست لە عێراقدا، ئەوا کارێکی حەتمییە کە شەڕی ناوخۆی نێوان شیعەو سوننە زۆر خراپتر سەرهەڵدەداتەوە و زەمینەش دروست دەبێت بۆ ئەوەی گروپی توندڕۆتر لە داعش و قاعیدە سەر هەڵبداتەوە.

بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە چاوەڕوانکراوەی کە لەدوای ئازادکردنی موسڵ رووبەڕووی دەبینەوە، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا پێشنیاری ئەوە دەکات کە ناکرێت ئەمریکا بەوجۆرە رەفتار لەگەڵ ئەو قۆناخە هەستیارە بکات کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ مامەڵەی لەگەڵ کێشەکانی عێراق کردووە، لەمبارەوە باس لەوە دەکات کە لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ و لە ماددەی ١٤٠ میکانیزمێك ئاماژەی پێکراوە بۆ چارەسەری ئەو ناوچە کوردستانییانەی لەدەرەوی ئیدارەی هەرێمی کوردستانن، بەڵام کێشەکە هەر ئەوەندە نییە کە حکومەتی عێراق نایەوێت ئەم ماددە دەستوورییە جێبەجێ بکات و ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵکو کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ئەمریکاو ئەوروپاش گوشار ناکەن بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، ئەوان ماددەیەکیان دیاری کردووە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردن، بەڵام جێبەجێ بکرێت، یان نەکرێت جێگەی بایەخی ئەوان نییە، بۆیە کاتێك کێشەکان چارەسەر نەکرێن، دەبێت چاوەڕێی بارودۆخی زۆر خراپتر بکرێت.

لەم حاڵەتەدا بارودۆخی عێراق و شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەی سەربەخۆیی لەنێوان کوردستان و عێراق پێویستی بەوەیە کە هێزی ئەمریکا لەکوردستان و عێراق بوونی هەبێت و لەدانیشتنی نێوان کوردستان و عێراق ئامادەبوونی هەبێت، بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە ئاشتی و سەرکەوتوویی کۆتایی پێبێت.

ئەوانەی بایەخ بە پرسی (دژایەتی تیرۆرو رێگرتن لەوەی جارێکی دیکە ژینگەی عێراق ببێتەوە بە نەوای ئارام بۆ تیرۆریستان) دەدەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە ئەمجارەیان ئەمریکا سوود لە هەڵەکانی رابردووی وەربگرێت، بەتایبەتی کاتێك لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ هەموو هێزەکانی لە عێراق کشاندەوە و عێراقی بێ کاریگەری نفوز و هێزی خۆی بۆ نوری مالیکی بەجێهێشت، ئەو هەڵەیە وایکرد کە کارەساتی گەورەی سەرهەڵدانی داعش و دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی رووبدات و ئەمریکا ناچاربێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ عێراق، بەڵام گرنگە لێرەدا هەڵوەستە لەسەر ئەو راستییە بکرێت کە بارودۆخی دوای رووخانی خەلافەتی ئیسلامی زۆر ئاڵۆزتر و هەستیارترە وەك لە بارودۆخی کۆتایی ٢٠١١ و ئەوکات وەك ئێستا کێشە و تەنگژەکانی نێوان عەرەبی شیعەو سوننە بەو ئاستە قووڵ نەبووبوونەوە و بەو ئاستە بێ متمانەیی لەنێوان شیعەو سوننە نەبوو، بەڵام لە ئێستادا عەرەبی سوننە وێڕای ئەوەی جارێکی دیکە وەك لایەنی دۆڕاوی شەڕی دژ داعش لە چاوی عەرەبی شیعەدا سەیر دەکرێت، لەهەمانکاتدا هەموو شار و شارۆچکەکانی عەرەبی سوننە کاول بوون و وەك ماوەیەك پێش ئێستا پارێزگاری ئەنبار رایگەیاند کە تەنیا ئاوەدانکردنەوەی ئەنبار پێویستی بە زیاتر لە ١١ ملیار دۆلار هەیە کە پارێزگای ئەنبار هێندەی شاری موسڵ کاول نەبووە، ئەمە بێجگە لەوەی زیاتر لە ٢ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆی عەرەبی سوننە لە عێراقدا هەن کە تەنیا ئەوانەی روویان

**یەکگرتنەوەی قسەکانی بەرپرسانی ئەمریکی و ئەوروپا لەگەڵ قسەی بەرپرسانی ئێرانی سەبارەت بە حەتمیەتی گۆڕانکاری لە ناوچەکە، هەموویان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستی بە گۆڕانکاری لە نەخشەی جیۆپۆلیتکی ناوچەکە هەیە، لەم حاڵەتەشدا کە خاڵی دەستپێکی رۆژئاوا لە دەروازەی عێراقەوە دەست پێبکات، ئەوا مانای ئەوەیە جیاکردنەوەی کوردستان لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق، هەنگاوی دەستپێک دەبێت و هەر رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی سەرکردایەتی ئەم پرۆسەیە و سەربەخۆیی کوردستان دەکەن**

**لەمیانەی سەردانی شاندی یەکگرتووی ئیسلامیش بۆ ئێران وەک مامۆستا هادی عەلی ئەندامی شاندی ناوبراو بە میدیاکانی راگەیاندووە، راستەوخۆ بەرپرسیارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە شاندەکەی یەکگرتوویان گووتووە، ئەگەر سەربەخۆیی کوردستان نەبێتە هۆکاری ناسەقامگیری بۆ ئێران، ئەوان تەفەهومی دەکەن و ئامادەن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن**

**بەپشتگیری ڕۆژئاوا بۆ سەربەخۆیی کوردستان، دەتوانرێت کۆنترۆڵی پرۆسەی سیاسیی بەشە عەرەبییەکەی عێراق بکرێت و سەرلەنوێ پەیوەندییەکی تازە لە نێوان عەرەبی شیعەو سوننە دروستبکرێتەوە و ڕێگری لە شەڕێکی خوێناوی لە ناوخۆی شیعەو سوننە لە عێراقدا بکرێت**

**درێژەدان بە سیاسەتی یەکپارچەیی عێراق، یان جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کوردستان بەشێک بێت لە عێراق، عێراق دەکاتەوە زۆنێکی دیکەی نائارامی بۆ گەشەکردنی تیرۆریستان و مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو ئەورووپا دروست دەکات**

**محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان و یاوەری شاندی کوردستان بۆ کۆنفرانسی میونشن، هەر زوو بە میدیاکانی ڕاگەیاند کە (جۆن مەکین لە کورد زیاتر بەپەرۆشە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان**

کردۆتە کوردستان نزیکەی دوو ملیۆن هاووڵاتی دەبن، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە بارودۆخی عەرەبی سوننە لەهەموو ڕوویەکەوە لە خراپترین حاڵەتدایە، ئەوا ئەگەر مامەڵەیەکی تایبەت و تەندروستی لەگەڵ نەکرێت بۆ ئەوەی شارەکانیان بۆ ئاوەدان بکرێتەوەو بەشێوەیەکی عادیلانە تێکەڵی پرۆسەی سیاسی نەکرێنەوە، ئەوا جارێکی دیکە مەزندەی ئەوە دەکرێت کارەساتی گەورەتر لە عێراقدا ڕووبداتەوە.

سەبارەت بە کوردستان کە لەدوای ئازادکردنی موسڵ و ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی داعش، ڕێککەوتنێکی سەربازی لەگەڵ بەغدا بە شاهیدی و ئامادەبوونی ئەمریکا هەیە، ئەوا کوردستان بارودۆخێکی زۆر تایبەتتری لە ساڵی ٢٠٠٣ هەیە، ئەم بارودۆخە تایبەتەی کوردستان، ئەمری واقیعی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە لەگەڵ عێراق و دەبێت عێراق وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکات و دەست بکات بە وتووێژ بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتییانە دوو دراوسێی باشی یەکتری بن، لە ئێستاداو سەبارەت بەمەزندەکردن بۆ دەستپێکردنی ئەو دیالۆگە لەنێوان کوردستان و عێراقدا، هەستدەکرێت ئەو لایەنە شیعەیانەی کە نایانەوێت وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ عەرەبی سوننە بکەن، هەوڵدەدەن کێشەیەك لەنێوان کوردستان و عێراق دروست بکەن، بۆ ئەوەی کێشەی مەزهەبگەرایی نێوان شیعەو سوننە بگۆڕن بۆ کێشەی نێوان کورد و عەرەب و کێشە سەرەکییەکەی پێ بشارنەوە، لەم حاڵەتەدا پێویستە ئەمریکا ئەمجارەیان هێزی پێویستی لە عێراق و کوردستاندا هەبێت، بۆ ئەوەی ڕێگە لەو ئاژاوەیە بگرێت و لەمەش زیاتر وەك پرۆفیسۆر کینس پۆلاك سەرۆکی سەنتەری سابان بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشنیاری کردووە، پێویستە ئەمریکا بە هاوشێوەی ڕێککەوتنی کامپ دەیڤید لەنێوان میسر و ئیسرائیل، سەرپەرشتی ڕێککەوتنێکی هاوشێوە لەنێوان کوردستان و عێراق بکات و گرنگە ئاستی بەشداری ئەمریکا لەو ڕێککەوتنە لە ڕێککەوتنی کامپ دەیڤید کەمتر نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر کوردستان بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و لەعێراق جیابووەوە، ئەوا ئاسانتر دەتوانرێت بەشە عەرەبییەکەی عێراق ڕێکبخرێتەوە، یان پێوەندی لەنێوان پارێزگاکانی عەرەبی سوننە و پارێزگاکانی عەرەبی شیعە دروستبکرێتەوە و بەئاسانیش زەمینەی ئەوە دەڕەخسێت بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی شیعەو سوننە لەدەوری مێزێك کۆبکرێنەوە.

● **ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان و ئامادەباشی بۆ سەربەخۆیی**

لەئێستادا بە ئاشکراو بە ڕاشکاوی لەسەر ئاستی کۆڕ و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان باس لەوە دەکرێت کە تەنیا ڕێگە بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ عێراق و ناوچەکە و سەرکەوتن لەشەڕی دژی تیرۆر، هەوڵدانە بۆ ئەوەی کۆماری کوردستان بە ئاشتی لەدایك بێت و ڕابگەیەندرێت، بەڵام بەداخەوە لەسەر ئاستی بارودۆخی سیاسی کوردستان هەندێك لایەنی سیاسی لە ڕێگەی پەرلەمانتارو هەڵسووڕاو و کادیرەکانیانەوە، کاری سەرەکییان بۆتە دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان و هەوڵدەدەن خەڵکی کوردستان لەسەر ئەم پرۆسە سیاسییە چارەنووسسازە نائومێد بکەن.

کێشەی سەرەکی لەسەر پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، لەو چوارچێوەیەدا نییە کە لایەنێکی سیاسی بیرکردنەوەیەکی جیاوازی سەبارەت بە شێواز و میکانیزمی هەنگاوهەڵگرتن بۆ سەربەخۆیی هەبێت و لە لایەنەکانی دیکە جیاواز بێت، بەڵکو کێشەی سەرەکی بەرەی سەربەخۆیی لەگەڵ ئەو یەك دوو لایانەی بە ناڕاستەوخۆ دژی سەربەخۆیی کاردەکەن ئەوەیە، ئەوان بەشێوەیەکی ڕیشەیی دژی سەربەخۆیین و نایانەوێت کوردستان سەربەخۆ بێت، لەمەش زیاتر بۆ ئەوەی گومان بخەنەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان، گلەیی و گازندەکانی خۆیان ئاراستەی پەرلەمان و حکومەتی عێراق دەکەن، بەمەش دەیانەوێت خزمەتێکی بەلاش بەو لایەنە عەرەبییانە بکەن کە دژایەتیی سەربەخۆیی کوردستان بە ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانیان دادەنێن، بەداخەوە یەکگرتنەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و بەشێك لە کادیرانی کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ ئەو لایەنە عەرەبییانەی دژی سەربەخۆیی کوردستانن،

ئەمە پێی ناگوترێت جیاوازی بیروڕای سیاسی سەبارەت بەسەربەخۆیی، یان پێی ناگوترێت ئازادی ڕادەربڕین، کاتێك دژی سەربەخۆیی کوردستان، ژینگەی سیاسیی کوردستان ژەهراوی دەکەن.

سەبارەت بەم لایەنە وەك لە ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا ڕاشکاوانە هەندێك لەمیدیاکانی ئەمریکای ناولێنا: «دوژمنی ئەمریکا» بە ئاشکرا ڕایگەیاند ئەو میدیایانەی درۆ و چەواشەکاری بڵاودەکەنەوە (دوژمنایەتی ئەمریکا) دەکەن، بۆیە بە پشتبەستن بە دەستووری ئەمریکا کە مافی ڕادەبڕینی ڕاستی داوە، ئەوا من دژی ئەو میدیایانە ڕادەوەستمەوە کە درۆ و چەواشەکاری بڵاو دەکەنەوە.

لەم ڕوانگەیەوە ئەوانەی لە کوردستان بەناوی ئازادی ڕادەربڕین، یان بۆ مەبەستی سیاسی و تایبەتی خۆیان نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق، بۆ دوژمنایەتی گەلی خۆیان و سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان بەکار دەهێێن، دەبێت ئەمانە لە چوارچێوەی کاری سیاسیی ئازادو دەربڕینی ئازاد بهێنرێنەدەرەوە و ڕاستەوخۆ لەبەردەم گەلی کوردستاندا نییەت و ئامانجە سیاسییەکانیان ئاشکرا بکرێت.

بۆ ئێستای کوردستان یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی کارێکی زۆر گرنگە و دەبێت لەسەرووی هەموو ئەجیندایەکی دیکەوە سەیر بکرێت، بەڵام ئەگەر لایەنێك، یان دوو لایەنی سیاسی بڕیاریاندابێت و ڕێگە نەدەن ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە بەهەر نرخێك بێت دروست بێت، ئەوا گرنگە ئەو لایەنە سیاسییانەی خۆیان لەبەرەی سەربەخۆیی دەبیننەوە و خۆیان وەك بەشێك لە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان پێناسە دەکەن، یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی خۆیان ڕابگەیەنن و پێکەوە لەگەڵ تەواوی گەلی کوردستان قسەبکەن، بۆ ئەوەی چیدیکە ئەو لایەنە سیاسییانەی وەك بزووتنەوەی گۆڕان بە ئاشکرا دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، لەپەنای پڕوپاگەندەی دروستکراودا خۆیان نەشارنەوە و ڕاستی و دروستی هەڵوێستی سیاسی هەموولایەك لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا ئاشکرا بێت.

ئەمە جاری یەکەم نییە لە مێژووی نەتەوەکانی جیهان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی لایەنێکی سیاسی دژی ئیرادەو خواستی نەتەوە و گەلی خۆی ڕابوەستێتەوە، یان هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنێکی دەرەکی گرێبدات کە دژی نەتەوەکەی خۆی بێت، هەر بۆ نموونە لەو کاتەی مەهاتما گاندی هەموو هەوڵی خۆی بۆ سەربەخۆیی هیندستان بەشێوازی ئاشتییانە تەرخان کردبوو، بەرۆژوو دەبوو بۆ ئەوەی یەکڕیزی لەنێوان گەلانی هیندستان دروست بکات و ئیمپریالیزمی بەریتانی ناچاربکات هیندستان بەجێ بهێڵێت، کەچی لەو کاتەدا کەسێکی وەك سباهس چاندرا دەچوو هاوپەیمانی لەگەڵ هیتلەری نازی دەکرد بۆ ئەوەی پرۆسەی سەربەخۆیی هیندستان لەسەر دەستی گاندی سەرکەوتوو نەبێت، هەروەها لە فەرەنسا ئەولادەکانی فیشی دەستیان تێکەڵی ئەڵمانیای نازی کردبوو بۆ ئەوەی فەرەنسا سەربەخۆ نەبێت، بەڵام گەلی هیندستان و فەرەنسا توانییان ئەو جۆرە بیروبۆچوونانە ڕیسوا بکەن و پرۆسەی سەربەخۆیی سەربخەن.

بۆ ئێستای کوردستان خاڵی ئیجابی ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی کورستان یەکڕیز و یەکگرتووەو هیچ لایەنێکی سیاسی ناتوانێت بە ئاشکرا دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان بکات، بەڵکو بڕو بیانوو دروست دەکات بۆ ئەوەی ئامانج و مەرامەکانی خۆی لە ژێردا بشارێتەوە، هەر بۆیە کاتێك بەرەی سەربەخۆیی پەردە لەسەر ئەو بروبیانووانە هەڵدەماڵێت، ئەوا، یان ناچار دەبن بگەڕێنەوە نێو بەرەی سەربەخۆیی، یانیش بەتەواوەتی خۆیان ئاشکرا دەکەن و ئەوکاتیش میللەت خۆی بڕیار دەدات چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

لایەنێکی دیکە کە زۆر گرنگە بەرەی سەربەخۆیی پێی پشتئەستور بێت، ئەوەیە کە سەربەخۆیی کوردستان بۆتە بەرژەوەندیی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ تێکشکاندنی داعش و شەڕی تیرۆر لەدوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی داعش، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تەنیا بە پشتگیری بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەتوانرێت ستراتیژیەتی تێکشکاندن و لە ڕیشە هەڵکێشانی داعش و تیرۆریستانی دوای داعشیش سەرکەوتوو بێت.

**ئەمریکاو ئەوروپا دەزانن ئەوەی پێویستە دەبێت بیکەن بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا ڕۆڵی خۆی هەر بمێنێت، بەڵام ئەوەی جێگەی مشتومڕە ئەوەیە کە نازانن چۆن ئەو کارە بکەن بۆ ئەوەی ڕۆڵی ڕۆژئاوا ڕەنگدانەوەی هەژموون و پێگەی ڕۆژئاوا بێت لە کۆنترۆڵکردنی ئاسایش و کێشەکانی جیهاندا بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی**

**هەرچۆنێک پلان بۆ پابەندبوون بە سیاسەتی یەکپارچەیی عێراقەوە دابڕێژرێت، ئەوا ئاکامەکەی ئەوە دەبێت کە لەساڵی ٢٠١٤ داعشی لێ پەیدابوو کە دوای داگیرکردنی موسڵ خەلافەتی ئیسلامی تیا ڕاگەیاند**

**عێراق بەیەک لایەن ئەوجا شیعە بێت، یان سوننە حوکمڕانی ناکرێت و پێکهاتەکانی شیعەو سوننەش ئەو ژێرخانە مەعریفییە دیموکراتییەیان نییە و تیاشیاندا دروست نابێت بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینەو دابەشکردنی دەسەڵات و داهات حوکمڕانیی عێراق بکەن**

# پێداچوونەوەی فیکری چارەسەری کێشەی پێکهاتەکان لە روانگەی قورئانەوە

## (پرەنسیپی یەکترناسین کلیلی چارەسەرو وشەی نهێنییە)



محەمەد رەئوف محەمەد

بۆ گوڵان نووسیویەتی

دوای تێپەڕبوونی سەدساڵ، ئەم نەتەوەیە لەسەر ئاستە گشتییەکەی وحکومەت و دەوڵەتانیش لەسەر ئاستی تایبەتی وڵاتەکانیاندا نەیانتوانی بگەنە چارەسەری ریشەیی تێپەڕاندنی کێشەکانی فرەئیتنی و تائیفی، بەڵکو کێشەکە قووڵتربۆتەوە، فرەیی لەجیاتی ئەوەی ببێتە رەگەزی هێزو دەوڵەمەندکردن و پەرەسەندن، بۆتە هۆکارو ئامرازی نەبوونی و هەژاری و پەرتەوازەیی و نارەزایی، فرەئیتنی و تائیفی و کەلتووری لە نەبوونی بەها رەسەنەکانی قورئان کە پرەنسیپی یەکترناسین راڤەو رەسەن دەکات، هەروەها لە نەبوونی بەهاکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پابەندنەبوون بە پەیماننامەو رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، دەبینین کە مافەکانی پێکهاتەو کەمینەو تائیفەکان بوونەتە کێشەیەکی قووڵ و دواتر بۆ گرفت و دۆسێگەلی گەرم، ئینجا بەرەو ئەجینداو کارتی ئیقلیمی و هەندێ جاریش نێودەوڵەتی، تا گەیشتە قۆناغێك کە هیچ دەوڵەتێك، یان رژێمێك، یان حکومەتێك پێی چارەسەرنەکرێت، ئەگەر گریمان پێکهاتە ئیتنی و ئایینزایی و تائیفی و کەلتوورییەکان لە ماوەی سێزدە سەدەی رابردوودا هیچ گرێیەکی بوون، یان هەبوونیان لانەبوویێت، یان پۆست، یان قەوارەیان نەبوویێت لەسەر خاکیان بە هەر شێوازێك بوویێت بەپێی ماوە جیاوازەکان، ئەوا هەموو ئەو حاڵەت و شێوازانە بۆ بەهاو پرەنسیپی قورئانی (یەکترناسین) دەگەڕێتەوە.

ئەو بەهایەی کە دەتوانرێت بیکەینە بناغەیەك لە بناغەکانی دەستوور، هەروەها قەڵایەك لە قەڵایەکانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی، هەروەها رایەڵەیەك لە رایەڵەکانی یەکێتیی نەتەوە، بەڵام بەداخەوە (هەرچەندە داخ لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ژیان پێگەو بنکەی نییە)، نە دەوڵەتەکان و نە حکومەتەکان و نە سەرکردەکانیش بە هەموو جۆرەکانیانەوە و نە زاناکانیش بە شێوەو چەشنەکانەوە ئاگایان لەمە نەبووە، ئەوان نەگەڕاونەتەوە بۆ بنەماکانی یەکترناسین کە مەبەستی خۆڕسکانەو رەمەکییانەی مرۆڤ و نەتەوەو گەل و ئایینەکان لەخۆدەگرێت، نەچوونەتە ژێر باری بەهاکانی دیموکراسی و بنەماکانی دەوڵەتی تازەوە، بۆیە نەتەوە بەم قۆناغەی ئێستا گەیشتووە، تا ئێستا چارەسەرەکە یەکێکە لەم دووانە، یان (یا أيّها الناسُ إنّا خلقناكمْ منْ ذكَرٍ وأنثىٰ وجعلناكمْ شعوباً وقبائلَ لتعارفوا إنّ أكرمكمْ عند الله أتقاكمْ إنّ الله عليمٌ خبيرٌ)، مەبەستەکە دیارو روونە کە لێکدانەوەی پێناوێت و بواری گۆڕین و گۆڕانکاریی هەڵناگرێت، چونکە فرەئیتنی، یان کەلتووریی یاسایەکی گەردوونی و یاسایەکی دانراوی چەسپاوەو دروستکراوی یەزدانیش هەرگیز قابیلی گۆڕان نییە، دانانی گەلان و نەتەوەکان وەك دانانی شەو و رۆژە، هەروەها وەك دانانی شاخە چەسپاوەکانە، هەر پلانێك، یان هەوڵێك بۆ سڕینەوەی یاسا دانراوەکان شکستخواردووەو ململانێیە لەگەڵ ئیرادەی خوای خوڵقێنەر، یان پێداچوونەوەیە بە فیکرو سیاسەت و رەفتار لەگەڵ دیموکراسی و مافی مرۆڤ و (زیاتریش لەم سەدەیەدا) خۆبەدەستەوەنەدان بە (ترسان لە ئازادی و فرەیی و فرەجۆریی)، چونکە ئەگەر نەتەوە هەر لەم دۆخەدا بێت، ئەوا با بگەڕێتەوە بۆ ١٣ سەدە لەمەوپێش، ئەگەریش نەتەوە دەستەوەسان و بێ ئیرادە بوو، با دیموکراسیی راستەقینە قبووڵ بکات، دیموکراسییش هیچ خەوشێکی تێدا نییە، ئەگەر بەو دیدە سەیری بکەین کە دەگوترێت دیموکراسی بریتییە لە بەرهەمی کۆششی ئادەمیزاد کە چەندین سەربوردەی شەڕو بەندایەتیی لە ناخ و ناوەڕۆکدا حەشارداوە، هاوکات ئازادی و کەرامەتی هەڵگرتووە، کاروبارەکان بە هەموو ناوەڕۆك و مەبەست و لێکدانەوەکانیان و لۆژیکی قورئان و تەورات و ئینجیل دەڵێت: (ولقد كرّمنا بني آدم)، بۆیە کاتی چاوەڕوانیی کەم ماوەو دەبێت یەکێك لەم دووانە هەڵبژێرن.

# شنگالی نوێ، میكانیزم بۆ جێبەجێكردنی پێشنیارەكەی بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان

بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٣ و لەساڵیادی كارەساتی شنگالدا پێشنیاری كرد شارێكی نوێ دروست بكرێت بەناوی شنگالی نوێ و شنگالی ئێستاش وەك خۆی بهێڵدرێتەوە ببێتە هێماو سیمبوڵ بۆ قوربانییانی شارەكەو بۆ پیشاندانی دڕندەیی و وەحشیگەریی تیرۆریستانی داعش.

ئەم پێشنیارە زۆر گرنگەو زۆرێك لەوڵاتانی جیهانیش بۆ هێشتنەوەی ئاسەواری كارەساتەكان شاری نوێیان لەنزیك شارە وێرانەكە دروست كردووە، بەمەش توانیویانە خزمەتی دانیشتووانی شارەكە بكەن، لەهەمان كاتیشدا شارە وێرانكراوەكە بكەنە هێمایەك بۆ پیشاندانی قەبارەی كارەساتەكەو بۆ زیندووڕاگرتنی گیانی قوربانییانی شار.

ئێمە ئێستا كە هێدی هێدی نزیك دەبینەوە لەكۆتاییهێنان بەداعشی تیرۆریست، جێگەی خۆیەتی لەئێستاوە كاربەدەستان و لایەنە پێوەندیدارەكان لەخەمی جێبەجێكردنی ئەو پێشنیارەی جەنابی سەرۆكی هەرێم بن و، میكانیزمی كرداریی و خێرای بۆ ئامادە بكەن لە ڕێگەی چەند هەنگاوێكی وەك:

یەكەم: پێكهێنانی تیمێكی باڵا لەلایەنە پێوەندیدارەكان بەناوی تیمی باڵای بنیادنانی شنگالی نوێ.

دووەم: پێوەندیكردنی تیمی باڵا بەكەسایەتی و دامەزراوە خۆماڵییە خاوەن ئەزموونەكان لەم بوارەدا.

سێیەم: بەپارێزگاكردنی شنگال و جیاكردنەوەی لەموسڵ.

چوارەم: وەك وەفایەك بۆ ئافرەتانی شنگال كە قوربانیی سەرەكیی كارە دڕندانەكانی داعش بوون، پێگەی سیاسی و ئیداریی ئافرەتان لەشنگالی نوێدا بەرز ڕابگیرێت و، لەحاڵەتی بەپارێزگاكردنی شنگالی نوێدا، پۆستی پارێزگاری پارێزگای شنگال بدرێتە ئافرەتێكی خاوەن توانای ئیداریی، بەمەش ئافرەتی شنگالی دەبێتە یەكەم پارێزگار لەسەر ئاستی كوردستان و عێراقدا.

پێنجەم: كردنەوەی سندوقێكی تایبەت بە كۆكردنەوەی یارمەتیی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی بۆ دووبارە بنیادنانەوەی شنگالی نوێ.

شەشەم: قەرەبووكردنەوەی كوردانی ئێزدیی لەلایەن عێراقەوە لەسەر ئەو هەموو زیانە ماددی و مەعنەوییەی بەریانكەوتووە.

حەوتەم: داواكردن لەدامەزراوە جیهانییە كاریگەرەكان بۆ بەشداربوون لەم پرۆژەیەدا.

هەشتەم: داواكردن لەناوەندەكانی بڕیاری جیهانیی بۆ بڕیاردان لەسەر سەربەخۆیی باشووری كوردستان، چونكە هەموو نەهامەتییەكانی سەدان ساڵی ڕابردوو لەئەنجامی پێكەوەلكاندنی كوردستان بووە بەدەوڵەتانی ناوچەكەوە.

نۆیەم: سوودوەرگرتن لەئەزموونی بنیادنانی شارە هاوشێوەكانی دوای جەنگی یەكەم و دووەمی جیهانیی بۆ ئاسان و خێرا بنیادنانی شنگالی نوێ.

دەهەم: خستنەخزمەتی تواناكانی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو وەزارەتە پێوەندیدارەكانی هەرێمی كوردستان بۆ پرۆژەی بنیادنانی شنگالی نوێ.

هاوكات و لەگەڵ بەڕێوەچوونی بنیادنانی شنگالی نوێ، زۆر گرنگە لەسەر ئاستی كوردستانیدا لەخەمی دووبارە بنیادنانی لایەنە واتایی و مرۆیی و ئینسانییەكانیشدا بین وەك:

یەكەم: بەردەوام كاركردن لەسەر پەرەپێدانی گیانی مرۆڤدۆستانەی خەڵكی كوردستان كە بێگوێدانە جیاوازیی ئایینی، هەموویان خەمخۆری شنگال و شنگالییان بوون لەماوەی ئەو دوو ساڵەداو تا ئێستاش.

دووەم: بەدیكیۆمێنتكردنی كارەساتی شارەكە، بۆ ئەوەی هەمیشە وەك سەرچاوەیەكی زیندوو ببێتە شایەدی ڕاستەقینەی ئەو كارەساتە.

سێیەم: ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ بڕیاردان لەسەر سەرپشككردنی دانیشتووانی شنگال لەسەر مانەوە لەگەڵ عێراقدا یان هاتنە سەر هەرێمی كوردستان.

چوارەم: دروستكردنی ڕێكخراوی تایبەت بەجینۆسایدی كوردانی ئێزیدی.

پێنجەم: بەردەوامبوونی كوردانی تاراوگە لەسەر فشارخستنە سەر حكومەتانی جیهان بۆ زووترو زیاتر هاتن بەدەم كێشەو كارەساتی شنگالەوە.

شەشەم: هەوڵدان بۆ چارەسەركردنی باری دەروونیی زۆرێك لەزیندووانی پاش ئەو كارەساتە چ لەنەخۆشخانەكانی ناوخۆدا، چ لەدەرەوەدا.

حەوتەم : كردنەوەی چەند خولێكی پێكەوەژیانی ئایینی لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە بۆ زانایانی ئایینە جیاوازەكانی ئەو ناوچانەو باسكردنی تێگەیشتنی كوردانە لەئایین و ئەزموونی زۆر جوانی پێكەوەژیان و تەسامحی ئایینی لەكوردستاندا.

هەشتەم: بەئیلزامیكردنی خوێندنی منداڵان و مێرمناڵانی ئەو ناوچانە لەقوتابخانەكاندا، بۆ سڕینەوەی ئەو هەموو فكرو بیرە توندڕەوەی كە داعش لەمێشكیاندا چاندوویەتی لەو دوو ساڵەدا.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com



دەیڤید فیلیپس
بەڕێوەبەری پرۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکان بۆ گوڵان:

# دەبێت یەکێتی و پارتی پێکەوە بۆ بنیادنانی دەوڵەتی کوردستان روانگەیەکی هاوبەش دابڕێژن

■ سەربەخۆبوونی کوردستان سەقامگیریی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و دەبێتەهۆی ئەوەی ئەمەریکا دۆستێکی باش و هاوپەیمانێکی دڵسۆزی بۆ دروست بێت



**دەیڤید فیلیپس بەڕێوەبەری پرۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکانە لە ئامۆژگای دیراساتی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆلۆمبیا، پێشتریش وەك راوێژکاری باڵا لە سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە، هەروەها وەك شارەزای کاروبارە دەرەکییەکان و وەك راوێژکاری باڵا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کاری کردووە. لە میانەی دیمانەیەکدا، گوڵان چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە پەیوەست بوون بە پێشبینییەکانی لە ئاست داهاتووی پێوەندییەکانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان و گرنگیی پێداگیریی لەسەر هەڵگرتنی هەنگاوی جددی بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و چەند بابەتێکی دیکەی پێوەندیدار، ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بیروبۆچوونەکانی کرد.**

*** پێشبینییەکانت چین لەبارەی ئەو سیاسەتەی کە ئیدارەی ترەمپ لە ئاست هەرێمی کوردستاندا دەیگرێتەبەر؟**

- لە راستیدا کەس نازانێت چ پێشبینییەك بکات لەبارەی ئیدارەی ترەمپەوە، دۆناڵد ترەمپ مێژوویەکی نییە لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ کاروبارەکانی کورددا، هەروەها ئاشنا نییە بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکاندا —ترەمپ- باسی لەوەکرد کە پێشمەرگە هێزێکی شەڕکەری زۆر بەتوانان، هەروەها بەڵێنی دا کە داعش لە سووریا و عێراق تێکبشکێنێت و شاری رەققە و موسڵ رزگار بکات، لەم ساتەوەختەدا ئێمە نازانین، لە داهاتوودا پێشمەرگە چ رۆڵێکی دەبێت، هەروەها نازانین یەکینەکانی پاراستنی گەل لە رۆژئاوا چ رۆڵێکیان بۆ دیاری کراوە. ستراتیژیەتیی ئەمنی و سەرکەوتوو بەوە دەست پێدەکات کە ئەو راستییە رەچاو بکەین کە باشترین و تاکە دۆستی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا کوردە.

*** بەڵام ئایا ستافەکەی ترەمپ کەسانێکی شارەزا نین کە راسپاردە و راوێژی تایبەت بە هەرێمی کوردستان بخەنە بەردەم دۆناڵد ترەمپ؟**

- هێشتا زووە ئەمە یەکلا بکەینەوە، چونکە چەندەها پۆست بە بەتاڵی ماونەتەوە - لە ئیدارەکەی ترەمپدا-، هەروەها تاوەکو ئێستا ئیدارەی ترەمپ سیاسەتەکانی گەڵاڵە نەکردووە، بەرپرسانی ئەمەریکی پێویستیان بە کاتە بۆ ئەوەی خۆیان ئاشنا بکەن بە بارودۆخی کوردستان و لەسەر بنەمای زانیاری و لەسەر بناغەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمەریکا بڕیار بدەن. ئیدارەی ترەمپ جەختی لەسەر کارکردن لەگەڵ هێزە شەڕکەرە مەحەلییەکاندا کردۆتەوە، کە بە تواناترین هێزە مەحەلییەکانیش بریتین لە پێشمەرگەی کوردستان و یەکینەکانی پاراستنی گەل ( یەپەگە)، لەبەر ئەوە پێویستە ئەمەریکا هاوکارییەکانی خۆی لەگەڵ ئەم هێزە بەتوانایانەدا بەرفراوان بکات.

> **کارێکی هەڵەیە ئەگەر بەرپرسانی هەرێمی کوردستان پەلە بکەن لە سەردانیکردنی واشنتۆن، لە کاتێکدا کە هێشتا تیمەکەی ترەمپ پێکنەهێنراوە و هێشتا سیاسەتەکان رەنگڕێژ نەبوون**

*** پێش ئەوەی ترەمپ دەسەڵات بگرێتەدەست، شاندێکی کوردی بە سەرۆکایەتی مسرور بارزانی سەردانی واشنتۆنی کرد، پێتوانییە پێویستە شاندێکی هاوشێوە پێکبهێنرێت و سەردانی واشنتۆن بکات بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەبارەی دۆخی کوردستانەوە بکات؟**

- دەبێت بەرپرسانی هەرێمی کوردستان چاوەڕێی بکەن تاوەکو ئیداری ترەمپ ئامادە دەبێت بۆ پێشوازی لێکردنیان، ئەم ئیدارەیە چوار هەفتەی پڕ لە پشێوی بەڕێکردووە و هێشتا سیاسەتێکی روون و ئاشکرا لە ئاست عێراق، یان کوردستاندا گەڵاڵە نەکراوە، هەروەها ستراتیژیەتێکی ئەمنیی روونیش گەڵاڵە نەکراوە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش لە عێراق و سووریا، لەبەر ئەوە کارێکی هەڵەیە ئەگەر بەرپرسانی هەرێمی کوردستان پەلە بکەن لە سەردانیکردنی واشنتۆن، لە کاتێکدا کە هێشتا تیمەکەی ترەمپ پێکنەهێنراوە و هێشتا سیاسەتەکان رەنگڕێژ نەبوون. بەڵام ئارامگرتنی ستراتیژیش سنووری خۆی هەیەو نابێت هەرێمی کوردستان زۆر چاوەڕێ بکات و زۆر هەڵوەستە بکات.

> **ئێران زۆر نیگەرانە لەبارەی ئیدارەی ترەمپەوە و دەیەوێت کورد لە بازنەی نفوزی ئەمەریکا دووربخاتەوە**

*** لە چاوپێکەوتنێکی پێشوودا لەگەڵ گۆڤارەکەماندا، باست لەوە کردووە کە پێویستە ئەمەریکا لەسەر بنەمای بارودۆخەکە**

**سیاسەتەکانی دابڕێژێت، دەکرێت زیاتر ئەمە روون بکەیتەوە؟**

- گرتنەبەری ڕێگاچارە لەسەر بنەمای بارودۆخەکە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە لەخۆدەگرێت کە چیتر عێراق لە ئارادا نەماوە، عێراق بۆتە وەکیلی ئێران و کوردستان مەیلی بۆ رۆژئاوا هەیە، کوردستان و ئەمەریکا بەهای هاوبەشیان هەیە. کاتێك ئەمەریکا ئەم بارودۆخە لەبەرچاو دەگرێت، ئەوا دەتوانێت بە گوێرەی ئەو لەبەرچاوگرتنە گۆرانکاری لە هاوکارییەکانیدا بکات.

*** هەروەها لەو چاوپێکەوتنەدا جەختت لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە کورد هەست بەوە بکەن کە کات لەبەرژەوەندی ئەواندا نییە و پەلە بکەن، ئایا لە ئێستاشدا هەمان راسپاردەتان بۆ کورد هەیە؟**

- دەبێت هەرێمی کوردستان پیشانی بدات کە جددییە لە جیابوونەوەی ئاشتییانە لەگەڵ بەغدا، دەبێت هەوڵەکانی چاکسازی چڕتر بکاتەوە و خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی خۆی حوکمڕانیی خۆی بکات. سەربەخۆیی نادرێت، سەربەخۆیی بەدەست دەهێندرێت. رەنگە دوای بینینی بەرپرسانی ئەمەریکا لە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش لە هەفتەی رابردوودا، ئەوا هەرێمی کوردستان زانیاریی زیاتریان هەبێت بۆ ئەوەی بە رەوتێکی خێرا گفتوگۆکانیان ئەنجام بدەن.

*** لە راپۆرتی بنیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقدا، کە ئێوەش بەشداربوون لە نووسینیدا باستان لەوە کردووە کە دەبێت کوردستان نەخشەڕێگەیەکی هەبێت بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، ئایا لەم رووەوە بەرەوپێشچوونت بەدی کردووە لەکوردستان، بەتایبەتی لە رووی ئەنجامدانی چاکسازییەوە؟**

- لە راستیدا هەندێ چاکسازی بونیادی ئەنجامدراون و دۆخی ئابووریش سەقامگیر بووە، لە کۆتاییدا یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش هەنگاوی هەڵگرتووە بۆ چارەسەرکردنی دابەشبوونە ناوخۆییەکانی و دروستکردنی کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی. لە راستیدا بەهۆی گەڵاڵەکردنی رۆئیایەکی هاوبەشەوە یەکگرتوویی لە نێو کورددا دروست دەبێت. سەرۆك بارزانی ناتوانێت چاوەڕێ بکات تاوەکو تێکشکاندنی داعش، پێویستە چالاکتر هەنگاو بەرەوپێش هەڵبگرێت و پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پیشانی بدات کە ئامادەیە بۆ ئەوەی خۆی حوکمڕانیی خۆی بکات لە رێی چڕکردنەوەی هەوڵەکانی چاکسازییەوە.

*** لە پەیوەندی بە سەربەخۆییەوە، چۆن کورد بتوانێت کەیسێکی قەناعەتپێهێنەر بخاتەڕوو بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەت؟**

- دەبێت کورد پیشانی بدات کە یەکگرتووە، ئەویش بەوە دەست پێدەکات کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان جیاوازییە ناخۆییەکانی چارەسەر بکات و لیژنەیەکی سەرکردایەتی پێکبهێنێت کە بتوانێت ئیدارەی کاروبارەکانی بکات و دواتر دەبێت یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێکەوە روانگەیەکی هاوبەش دابڕێژن بۆ بنیادنانی دەوڵەت و بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی. ئێمە باسی یەکگرتوویی نێو کوردمان کرد، واتە یەکێتی نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەکێتی نێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام یەکگرتوویی کورد هاوکاری لەسەر ئاستی ئیقلیمیش لەخۆدەگرێت. پێویستە کوردی سووریا و کوردی کوردستانی عێراق پێکەوە کاربکەن، چونکە یەکگرتوویی هاوکاری لەسەر ئاستی ئیقلیمیش لە خۆدەگرێت.

*** ئێوە باستان لەوە کرد کە ترەمپ بەڵێنی داوە داعش تێکبشکێنێت، بەڵام پێتوانییە کە ئەم ئامانجە گرێدراوە بە چارەسەرێکی سیاسییەوە لە دوای ئەوەی لە رووی سەربازییەوە داعش تێکدەشکێت؟**

- شەڕی موسڵ بەردەوامە و شەڕێکی خوێناویش دەبێت، بەڵام لە کۆتاییدا داعش هەر تێکدەشکێت. لە دوای ئۆپەراسیۆنی موسڵەوە، پێویستە پلانێکی سیاسی هەبێت بۆ تێکشکاندنی ئیسلامیزم لەعێراق و رێگریکردن لە داعش بۆ ئەوەی نەبێتە بزووتنەوەیەکی نوێ و شەڕانگێزتر. پێویستە ئیدارەی ترەمپ کارئاسانی بکات بۆ لەبەریەك هەڵوەشانی عێراق، بۆ ئەوەی بۆ سێ بەش دابەش بێت.

*** بەڵام هەندێ کەس پێیانوایە لە حاڵەتی راگەیاندنیدا دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان**

**هێزەکانی حەشدی شەعبی سەرچاوەی هەڕەشەیەکی راستەقینەن، نابێت توانا، یان ئامادەیی ئەوان بەکەم بگرین بۆ لاوازکردنی ئەو بەرەوپێشچوونەی لە کوردستاندا بەدیهاتووە**

**کوردستان رووبەرووی بەرهەڵستی ئێران و تورکیا و هەروەها بەغداش دەبێتەوە. بەڵام دەوڵەتە دراوسێکان ڤیتۆیان نییە لەسەر کوردستان. پێویستە سەرۆک بارزانی ئەو کارە بکات کە لە بەرژەوەندی خەڵکەکەیدایە، وەرگرتنی فەرمان لە پایتەختەکانی دیکەوە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی کوردستان ناکات**

**پێویستە کوردی سووریا و کوردی کوردستانی عێراق پێکەوە کاربکەن، چونکە یەکگرتوویی هاوکاری لەسەر ئاستی ئیقلیمیش لە خۆدەگرێت**

**ناتوانێت بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتە دراوسێکانی دژایەتی دەکەن و رووبەڕووی ئابڵۆقەی دەکەنەوە، بۆچوونت لەم رووەوە چییە؟**

- سەربەخۆیی بە ئاسانی بەدەست نایەت، بەڵکو قوربانی دەوێت، رەنگە رووبەڕووی ئابڵوقە و ئاستەنگ ببنەوە لەلایەن دەوڵەتە دراوسێکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەرێمی کوردستان هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت و ریفراندۆم ئەنجام بدات و سەروەری نیشتمانیی خۆی بچەسپێنێت و دەوڵەت رابگەیەنێت. ئەم قۆناخە پێویستی بە روانگە و سەرکردایەتییەکی سیاسی هەیە.

*** لە پێوەندی بە حکومەتی عێراقەوە، ئایا پێتوایە هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی مەرکەزی بە رێگایەکی داخراو گەیشتوون و چیتر ناتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێت و دەبێت هەرێمی کوردستان رێگای خۆی هەڵبژێرێت؟**

- لە راستیدا جیاوازیگەلێکی قووڵ هەن لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە گفتوگۆکان بە رێگایەکی داخراو گەیشتوون. دەبێت گفتوگۆی سیاسی لەبارەی سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراقەوە بکرێت، ئەگەر هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی کتوپڕ و بە بێ گفتوگۆکردن هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرێت، ئەوا ئەمە کاردانەوەی بەغدای لێدەکەوێتەوە و زیانبەخشیش دەبێت بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە.

*** ئێوە باسی بڕیاری یەکلاکەرەوەتان کرد لەبارەی بڕیاردانی سەربەخۆییەوە، بەڵام ئایا کاردانەوەی ئێران چی دەبێت کە ئێران رایگەیاندووە دژی هەنگاوێکی لەم چەشنەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە کوردستان رووبەڕووی بەرهەڵستی ئێران و تورکیا و هەروەها بەغداش دەبێتەوە. بەڵام دەوڵەتە دراوسێکان ڤیتۆیان نییە لەسەر کوردستان. پێویستە سەرۆك بارزانی ئەو کارە بکات کە لە بەرژەوەندی خەڵکەکەیدایە، وەرگرتنی فەرمان لە پایتەختەکانی دیکەوە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی کوردستان ناکات.

*** ئایا چ رووداوێك، یان پەرەسەندنێك دەبێتەهۆی خێراتر راگەیاندنی سەربەخۆیی؟**

- بە دەرکردنی بڕیارێك بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئەو ئامانجە. راستە دەبێت کوردستان تاوتوێی ئەم پرسە بکات، بەڵام ناکرێت ئێوە زۆر تێڕامێنن لەم مەسەلەیە، لەبەر ئەوەی دەرفەتەکە بەرەو لەدەستچوون دەچێت. ئەمە کێشەی ئیدارەی ئۆباما بوو، لەبەر ئەوەی زیاد لە پێویست تاوتوێی مەسەلەکانی دەکرد و چەندین دەرفەتی لەدەستدا، ئێستا کاتی بڕیاری یەکلاکەرەوە و سەرکردایەتییەکی بوێرانەیە.

*** تا چ رادەیەك دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان خزمەت بە بەرژەوەندییە جیوپۆلەتیکییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا دەکات؟**

- ئەمەریکا پێویستی بە باڵی رۆژهەڵاتی ناتۆ هەیە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو نادڵنیاییەی لەتورکیادا هەیە- کە هاوپەیمانی ئەمەریکا و ئەندامی ناتۆیە-، ئەوا کوردستانی عێراق پتر متمانەپێکراوتر دەبێت، ئەگەر هاتوو رێگەنەدرا ئەمەریکا بنکەی ئاسمانی ئەنچەرلیك بەکار بهێنێت، ئەوا دەتوانێت بنکەکانی کوردستانی عێراق بەکار بهێنێت.

*** خاڵێکی دیکە کە باس دەکرێت لەبارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە، ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتە دەبێتەهۆی دروستبوونی ناسەقامگیری زیاتر لە ناوچەکەدا، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- پێموایە دروستبوونی ئەم دەوڵەتە سەقامگیری زیاتر و کەشێکی پێشبینیکراوتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و دەبێتەهۆی ئەوەی ئەمەریکا دۆستێکی باش و هاوپەیمانێکی دڵسۆزی بۆ دروست بێت.

*** کەواتە بۆچی ئۆباما هەمیشە جەختی لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی عێراق دەکردەوە؟**

- سیاسەتی ئۆباما سیاسەتێکی هەڵە بوو، سیاسەتێکی زۆر لاواز بوو کە تێڕوانین و رۆئیایەکی لەخۆ نەدەگرت، پەیوەست بوو بە ئیدارەدانی پێوەندییەکانەوە، نەك بە دارِشتنیانەوە، لە ئێستادا دەبێت ئەمەریکا چالاکانە هەڵبستێت بە دارِشتنی پێوەندیی نزیکتر و هاوکاریی قووڵتر لەگەڵ کوردستاندا.

*** لە کوردستاندا هەست بەوە دەکرێت کە دوای تێکشکاندنی داعش هێزەکانی حەشدی**

**دەبێت هەرێمی کوردستان پیشانی بدات کە جددییە لە جیابوونەوەی ئاشتییانە لەگەڵ بەغدا، دەبێت هەوڵەکانی چاکسازی چڕتر بکاتەوە و خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی خۆی حوکمڕانیی خۆی بکات**

**عێراق بۆتە وەکیلی ئێران و کوردستان مەیلی بۆ رۆژئاوا هەیە، کوردستان و ئەمەریکا بەهای هاوبەشیان هەیە. کاتێک ئەمەریکا ئەم بارودۆخە لەبەرچاو دەگرێت، ئەوا دەتوانێت بە گوێرەی ئەو لەبەرچاوگرتنە گۆڕانکاری لە هاوکارییەکانیدا بکات**



**شەعبی دەبنە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کوردستان، لەوبارەیەوە راتان چییە؟**

- هێزەکانی حەشدی شەعبی سەرچاوەی هەڕەشەیەکی راستەقینەن، نابێت توانا، یان ئامادەیی ئەوان بەکەم بگرین بۆ لاوازکردنی ئەو بەرەوپێشچوونەی لە کوردستاندا بەدیهاتووە. لە هەمان کاتدا، ناکرێت ئێوە ببنە بارمتەی دەستی ئێران، ئێوە پێویستتان بە گفتوگۆکردنە لەگەڵ ئێراندا، ئەویش لەسەر بنەمای روانگە و پلانێك بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو سەربەخۆیی. ئێران زۆر نیگەرانە لەبارەی ئیدارەی ترەمپەوە و دەیەوێت کورد لە بازنەی نفوزی ئەمەریکا دووربخاتەوە.

*** ئێمە لە راگەیاندنەکانەوە گوێبیستی ئەوە بووین کە دوای ئەوەی جێگری سەرۆك و وەزیری بەرگری ئەمەریکا کۆبونەوەیان لەگەڵ سەرۆك بارزانی ئەنجامدا، رایانگەیاند کە ئەمەریکا پشتیوانی کورد دەکات، تێڕوانینی ئێوە لەم روەوە چییە؟**

- ئێمە نازانین پشتیوانیکردن لە کوردستان مانای چییە، بەرپرسانی ئەمەریکا دەتوانن بڵێن پشتیوانی کوردستان دەکەین، بەڵام دەبێت لەسەر بنەمای کارەکانیان نەك قسەکانیان حوکمیان لەسەر بدەین. ئێمە دەتوانین هاوکاری ئیدارەی ئەمەریکا بکەین بەوەی هەڵبستین بە روونکردنەوەی ئەو بوارانەی کە کوردستان خوازیارە هاوکاری بکرێت، ئەمەش دەستەبەرکردنی چەکی قورس و هێرشبەر و دابینکردنی دارایی زیاتر بۆ مووچەی پێشمەرگە و هاوکاری زیاتری تەندروستی بۆ پێشمەرگە برینندارەکان و پشتیوانی سیاسی لە خۆدەگرێت، کاتێك هەڵدەستن بە رێکخستنی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی.

*** ئێوە پێشتری باسی ئێرانتان کرد و ئێمەش بەم دواییە بینیمان کە گرژی و ئاڵۆزی زیاتر لە نێوان ئەمەریکا و ئێران دروست بووە، ئایا دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە ئیدارەی ترەمپ بە توندی ئیحتیوای ئێران بکات؟**

- دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە ئیدارەی ئەمەریکا بە توندی چاودێری ئێران دەکات، بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابێت کە پابەندە بە ئیلتیزاماتەکانی کە پەیوەستن بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، با ئومێدی ئەوە بکەین کە ئەمەریکا خوازیاری ئەوە نەبێت شەڕ لەگەڵ ئێراندا بکات، بەڵام ئەمەریکا، ئێران رووبەڕووی بەرپرسیارێتی دەکاتەوە لە حاڵەتی پێشێلکردنی رێککەوتنەکەدا، یان پشتیوانیکردنی تیرۆریزمدا.

**با ئومێدی ئەوە بکەین کە ئەمەریکا خوازیاری ئەوە نەبێت شەڕ لەگەڵ ئێراندا بکات، بەڵام ئەمەریکا، ئێران رووبەڕووی بەرپرسیارێتی دەکاتەوە لە حاڵەتی پێشێلێکردنی رێککەوتنەکەدا، یان پشتیوانیکردنی تیرۆریزمدا**



# پرسی سەربەخۆیی و کورد

## هەڵوێستی هەر یەک لە تورکیەو ئێران
## لە حاڵەتی راگەیاندنی یەکتەرەفەی سەربەخۆییدا



ئاسۆ کەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

**(۳)**

پێش هەموو شتێ دەبێ ئەم فاکتانەمان لەبەر چاوان بێ:

- بەشێکی میللەتی کورد هەم کەوتووەتە نێو دەوڵەتی تورکیەو هەم نێو ئێرانەوە. ناوچە کوردنشینەکانی ئەم دوو وڵاتە راست کەوتوونەتە ئەودیوی سنوورەکانەوە.

- کێشەی کورد لە هەر دوو وڵاتدا، چارەسەرنەکراون و حزورێکی بەردەوامیان هەیە، بەو مانایەی کە هەر دوو دەوڵەتەکە گرفتیان لەگەڵ بزووتنەوەی چەکداری- سیاسیی کوردی وڵاتەکانی خۆیان هەیە، بزووتنەوەکانی کوردیش لەسەر سنوورەکاندا بەهەر دوو دیودا، بنکەیان داناوەو چالاکییان هەس. جاروبار، هەم حکومەتی تورکیەو هەم حکومەتی ئێران، پرسی پاراستنی سنوورەکان لە دیوی کوردستانی باشوورەوە، هەم رووبەرووی حکوومەتی عێراق، و هەم رووبەڕووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەنەوە.

- باشووری کوردستان، وڵاتێکی داخراوەو راستەوخۆ هیچ دەراوێکی دەریایی نییە کە بە دنیای دەرەکی بگەیەنێ، ئەوەش وایکردووە حکومەتی کوردستانی باشوور، لەوەتەی دامەزراوە بۆ مانەوەی خۆی، بۆ خۆپاراستن



و خۆژیاندن و دەستڕاگەیشتن بە وڵاتانی دیکە، لەراست تورکیەو ئێراندا نەوی بکێشیێ.

**تورکیە:**

تورکیە وەك وڵاتێکی هەرێمایەتیی بەدەسەڵات (لەنێو گروپی ٢٠ دایە) و ئەندامی ناتۆیە. سنوورێکی ٣٣١ کیلۆمەتری لەگەڵ باشووری کوردستاندا هەیە. لە دوای ١٩٩١ـەوە تا ئێستە کوردستان، دوای ئەڵمانیا بازاڕێکی گەورە بووە بۆ تورکیە، بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە، لە ساڵی ٢٠١٤دا، قەبارەی بازرگانی لەگەڵ تورکیەدا بایی ١٢ ملیار دۆلار بووە و لەهەمانکاتدا، بۆڕی نەوتی کوردستان- جەیهان بەشی زۆری نەوتی کوردستانی بۆ دەرەوە پێدا دەڕوا. کۆمپانیاکانی تورکیە، بەتایبەتی لە بواری بیناکردن و ڕێگەوبان رۆڵێکی گەورەیان لە دوای ٢٠٠٣ـەوە لە کوردستاندا بینیوەو قازانجێکی زۆریان لە کوردستان دەستکەوتووە. لەدوای ٢٠٠٨یشەوە، لە باری سیاسیشەوە، جۆرێ لە لێکحاڵیبوون لەنێوان تورکیەو هەرێمدا هەیەو سیاسەتی حکومەتی هەرێمیش لەسەر مایەی خۆ تێ نەکردن لە کاروباری ناوخۆی تورکیەو بەهەندهەڵگرتنی حەساسییەتەکانی تورکیا لە بەرانبەر پەکەکەدا، مەگەر بە باری کەمکردنەوەی گرژییەکان و رۆڵی ناوبژیوانانە بێ لە هەندێ بڕگەی

**باشووری کوردستان، وڵاتێکی داخراوەو راستەوخۆ هیچ دەراوێکی دەریایی نییە کە بە دنیای دەرەکی بگەیەنێ، ئەوەش وایکردووە حکومەتی کوردستانی باشوور، لەوەتەی دامەزراوە بۆ مانەوەی خۆی، بۆ خۆپاراستن و خۆژیاندن و دەستراگەیشتن بە وڵاتانی دیکە، لەراست تورکیەو ئێراندا نەوی بکێشێ.**

**جۆرێ لە لێکحاڵیبوون لەنێوان تورکیەو هەرێمدا هەیەو سیاسەتی حکومەتی هەرێمیش لەسەر مایەی خۆ تێ نەکردن لە کاروباری ناوخۆی تورکیەو بەهەندهەڵگرتنی حەساسییەتەکانی تورکیا لە بەرانبەر پەکەکەدا، مەگەر بە باری کەمکردنەوەی گرژییەکان و رۆڵی ناوبژیوانانە بێ لە هەندێ برگەی زەمەنیدا، سۆنگەیەکی ئەو لێکحاڵیبوونەیە**

**هەرێمی کوردستان، بە کردەوە، مایەی خەتەر نەبووە بۆ سەر تەناهی و ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە**

زەمەنیدا، سۆنگەیەکی ئەو لێکحاڵیبوونەیە. کورد پێویە لە بواری وزەدا، سەرباری نەوت، گازی سروشتیش بۆ تورکیە ڤەرێ بکا. راستە، لە دوای شەڕی داعشەوە قەبارەی ئاڵوێری بازرگانی و جموجوڵی کۆمپانیاکانی تورکیە وەك خۆیان نەماونەتەوە، بەڵام رەنگە دوای نەمانی داعش، بازرگانی بە گوڕ بکەوێتەوە نەك هەر لەگەڵ کوردستان، بەڵکە لە گەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقیشدا.

تا ئێستە تورکیە لە هەمبەر کوردستانی باشوورو هێنانەگۆڕێی پرسی سەربەخۆیی، کەمتر لەچاو ئێران کاردانەوەی راستەوخۆی نیشانداوە، جەختکردنەوەی دیپلۆماسییانە نەبێ لەسەر یەکپارچەیی خاك و سەروەریی دەوڵەتی عێراق. ئایا ئەم هەڵوێستەی تورکیە وەك خۆی دەمێنێ دوای ١٦ی نیسانی ٢٠١٧ کە بڕیارە ریفراندەم لەسەر گۆڕانکارییە دەستوورییەکان بکرێ بەئاقاری گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی؟

رەنگە لە بارەی کوردستانی رۆژئاواوە، جۆرێ لە دابڕان هەبێ لە سیاسەتی هەردوولا، هەرێمی کوردستان بەئاشکرا لەگەڵ ئەوەیە کە هەرێمێکی فیدراڵی لە رۆژئاوادا دابمەزرێ و کورد لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی ئەوێ، خۆیان بەڕێوەببەن، کەچی تورکیە لە دروستبوونی هەرێمێکی دیکەی لەم بابەتە لەسەر سنوورەکانی دردۆنگ و نیگەرانە. تاکە بیانووی تورکیە، ئەوەیە کە PYD بە لقێکی پەکەکە و بە رێکخراوێکی تیرۆریستی دەزانێ و لە حاڵەتی شەڕدایە لەگەڵ تورکیە، کۆنترۆڵی رۆژئاوای کردووە ئەمەش بە خەتەر بۆ سەر خۆی دەزانێ. پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەی ئەگەر پەیەدەو ئەنەکەسە رێککەوتن و بهەڤرا کەوتنە بەڕێوەبردنی ناوچەکانی رۆژئاوا، چی؟

**ئێران:**

ئێران و کوردستانی باشوور سنوورێکی درێژو هاوبەشیان هەیە. هیچ کامیان ناتوانێ وڵاتی خۆی بگوێزێتەوە. نکۆڵی لەوەش ناکرێ لەنێوان جووڵانەوەی چەکداری- سیاسیی کوردی باشوور و حکومەتی ئێراندا، لە دوای ١٩٦١ـەوە، سەروساخت و پێوەندییەك هەبووە. ئەو پێوەندییە تا رادەیەك لە ناچارییەوە بووە؛ ناچاریی جیۆپۆلەتیك و پێداویستییە رۆژانەییەکانی بزووتنەوە. بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ، پێوەندییەکە، پێوەندیی نێوان دوو لایەنی ناهاوشان بووە؛ یەکیان دەوڵەتێکی ناوچەیی گەورەو ئەوی دیکەشیان بزووتنەوەی میللەتێکی بندەست و چەوساوە، بە ئێستەشەوە کە نیمچە- دەوڵەت، یان دەوڵەتێکی دیفاکتۆ، یان دەوڵەت لەنێو دەوڵەتێکمان هەیە. نسکۆی ١٩٧٥ی شۆڕش، لە رەهەندێکدا بۆ ئەم پێوەندییە دەگەڕێتەوە. لە ١٩٧٦ تا ١٩٩١یش، هەم بزووتنەوەی کورد هەوڵیدا سوود لە ئێران ببینێ و هەم ئێران بەتایبەتی لە ماوەی شەڕی ٨ ساڵەی عێراق- ئێراندا.

ئێران لە کۆڕەوی ١٩٩١ دەرگای بۆ خەڵکی ئاوارەی کورد کردەوە. لە دوای دامەزرانی قەوارەی هەرێمی کوردستانیشەوە لە پاش ١٩٩١، ئەگەر ئەم قەوارەیەشی خۆش گەرەك نەبووبێ، دژایەتییەکی توندیشی نەکردووە، مادام قەوارەکە لە چوارچێوەی عێراقدا ماوەتەوە، نەمازە پاش ئەوەی عێراق لە دوای ٢٠٠٥ـەوە کەوتووەتە ژێر هەژموونی لایەنە سیاسییە شیعەکانی خۆیەوە. بەڵام ئێران لە سەربەخۆبوون و بەدەوڵەتبوونی کوردستان دەترسێ و بەگومانە و بە خەتەرێك بۆ سەر ئاسایشی میللی خۆی دەزانێ. کاربەدەستانی ئێران، لە ئاستی جیا-جیادا و ناو بەناو ئەو دژایەتییەی خۆیان بۆ ئەم ئامانجەی کورد نەشاردووەتەوە. رەنگە بۆ ئەمەش هەوڵ بدەن بنقە-بنقە، هەماهەنگی لەگەڵ تورکیە و عێراق و.. بکەن، یان هەوڵی نانەوەی پشێوی و لێکترازانی زیاتری نێوان لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بدەن، یان گرفتی دیکەی بۆ دروست بکەن، چ لە رێگەی دەعوەی مالیکی و چ لە رێگەی هەندێ لایەنی حەشدی شەعبییەوە کە سەروکارێکی توندوتۆڵیان لەگەڵ ئێراندا هەیە.

ئێران نارەحەتە لە؛

- پەیوەندیی هەرێمی کوردستان لەتەك تورکیەو وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی سعودیە و هی دیکەشدا. بەڵام وەك دیارە ئێران دەوڵەتێکی تیۆکراتیی شیعەمەزهەبە و لە چەند جێگەیەکی وەك سووریە، عێراق، یەمەن، لبنان، فەلەستین و لە ناوچەی کەنداو، لەگەڵ سعودیەو

هاوپەیمانەکانیدا، لەگەڵ ئیسرائیل، لەگەڵ تورکیە، لەگەڵ ئەمریکا لەسەر بەرفرەکردنی ناوچە نفووز، یان پشتگیری هەندێ ڕێکخراوی وەك حەماس و حزبوڵڵا و حوسییەکان و نیزامی ئەسەد بەرەو رووەو لەدوای هاتنەسەرکاری ترامپ لە ئەمریکا پێوەندییەکان پتر روویان لە گرژی کردووەو ئایندەی رێککەوتننامەی ٥+١یش روون نییە.

- ئاخاوتنە ناو بەناوەکانی هەندێ بەرپرسی ئیسرائیلی کە گوایا پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکەن،

- پێوەندیی نێوان کوردو عارەبە سوننەکانی عێراق و بە دژایەتیی شیعەی عێراق لێکیدەداتەوە.

- پێوەندیی هەرێمی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی سووریە.

بەڵام وەك دەزانرێ و روونە؛

- هەرێمی کوردستان، بە کردەوە، مایەی خەتەر نەبووە بۆ سەر تەناهی و ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە،

- دەرگایەکی بازرگانی و ئابووریی هاسان و بێ قرە بووە بۆ ئێران، تەنانەت لە ساڵەکانی ٢٠١٢-٢٠١٥ی ئابلووقەی ئەمریکی و ئەورووپی بۆ سەر ئێران-یش، قەوارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان هەرێم و ئێراندا، لە پاش تورکیە، بە پلەی دووەم هاتووە...کەواتە، ئێران لە کوردستانی باشوور سوودمەند بووە.

- چاوەڕوان دەکرێ لە بواری وزەدا (نەوت و گازو سووتەمەنی) ئەو پێوەندییانە بەرەو پێشەوە بچن، یان کوردستان ببێتە خەتێکی ترانزێتی گازی ئێران.

- هامشۆ و سەردانی نێوان هەولێرو تاران لەسەر ئاستی باڵا چ بە ئاشکراو چ بەنهێنی بەردەوامە.

- ئێران هەم لە پایتەخت و هەم لە سلێمانی کونسوڵگەری هەیەو لە تاران-یش نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە،

- هەرێمی کوردستان، تا رادەیەك توانیویە لە عێراقدا پارسەنگی هێز رابگرێ، نە بە لای شیعەکان و نە بە لای سوننەکاندا دایبشکێنێ. لە قازانجی کوردیش نییە تا دژایەتی هیچ پێکهاتەیەکی ناو عێراق بکا. هەرچەندە دەبێ ئەوەش بهێنینەوە یاد، کە کوردی باشوور بەتایبەتی لە دوو دەورەی ئینتیخابیدا، لە ٢٠٠٥ەوە تا ٢٠١٣ لە ساغکردنەوەی حوکمڕانیی بۆ شیعەکان لە عێراقدا، رۆڵێکی گرنگی هەبووە، چونکە بەشداریکردنی کوردان بە فۆرمۆڵەیەك بووە کە رەوایی بە حکومەتی عێراق داوە وەکو حکومەتێك کە نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکان بکا، بۆ دنیای دەرەوە دەربکەوێ...لەبیرکردن، یان لەبیرخۆبردنەوەی ئەم هەقیقەتە، زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئێران و شیعەکانی عێراق دەگەیەنێ.

- هەرێمی کوردستان، وەك هەر ستاتۆیەکی سیاسی- قانوونیی دانپیانراوی دەستووری، وەك ئەکتەرێکی لۆکاڵ و ناوچەیی، مافی خۆیەتی لەبەر بەرژەوەندە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکانی خۆی، رایەڵکەی پێوەندی دابمەزرێنێ لە ناوچەیەکدا کە تژی ململانەی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەو رۆڵێکی ئەکتیڤی تێدا بگێڕێ نەخاسمە بۆ مانەوەو خۆپاراستن و خۆژیاندن، بۆ بەرەنگاربوونەوەو دوورخستنەوەی تیرۆری داعش.

وەنەبێ لە هەرێمی کوردستاندا، گلەیی و رەخنە لە ئێران نەبێ؛

چ سەبارەت بەو گرفت و ئاریشانەی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا هەن، چ سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی بەغدا و هەولێر. بمانەوێ و نەمانەوێ سیاسەتی پێڕەوکراوی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە کوردی رۆژهەڵاتیش، وێنەیەکی تەڵخی لەناو رای گشتیی کوردستاندا دروستکردووە. بەڵام بەکورتی لەنێوان ئێران و هەرێمی کوردستاندا، بەرژەوەندیی هاوبەش هەیە، بەڵام دیدو تێڕوانینی جیاش بۆ پرسەکانی ناو عێراق، بۆ گرفت و ئاریشەکانی ناوچەکە، بۆ پرسی کوردو پێشهاتەکانی دنیا هەیە...هەقە، لە دیدێکی پراگماتیکییەوە سەیری پێوەندیی نێوان هەردوولا بکرێ و ئێران لە مافەکانی خەڵکی باشووری کوردستان حاڵی ببێ.

پێموایە دوای هاتنەسەرکاری ترەمپ، ئێران لە بارێکدا نییە، گرفتی زێتر بۆ خۆی، بەتایبەتی لەسەر سنوورەکانی خۆی، بۆ خۆی دروست بکا و لەکۆتادا لەگەڵ ئەمری واقیع مامەڵە دەکا.

**بەدوایدا دێ...**

**تا ئێستە تورکیە لە هەمبەر کوردستانی باشوورو هێنانەگۆڕێی پرسی سەربەخۆیی، کەمتر لەچاو ئێران کاردانەوەی راستەوخۆی نیشانداوە، جەختکردنەوەی دیپلۆماسییانە نەبێ لەسەر یەکپارچەیی خاک و سەروەریی دەوڵەتی عێراق**

**کوردی باشوور بەتایبەتی لە دوو دەورەی ئینتیخابیدا، لە ٢٠٠٥ەوە تا ٢٠١٣ لە ساغکردنەوەی حوکمڕانیی بۆ شیعەکان لە عێراقدا، رۆڵێکی گرنگی هەبووە، چونکە بەشداریکردنی کوردان بە فۆرمۆڵەیەیەک بووە کە رەوایی بە حکومەتی عێراق داوە وەکو حکومەتێک کە نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکان بکا**

**ئێران لە سەربەخۆبوون و بەدەوڵەتبوونی کوردستان دەترسێ و بەگومانە و بە خەتەرێک بۆ سەر ئاسایشی میللی خۆی دەزانێ**



## فرسەت سۆفی

پەرلەمانتارو ئەندامی لیژنەی نەزاهە لەپەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# تەشەنەکردنی بێئومێدی و گەندەڵی دووهێندەی داعش مەترسیدارترە لەسەر ئایندەی کوردستان

## گرنگە پرۆسەی چاکسازی سەرتاسەری بێت و لەجوگرافیایەکی دیاریکراودا قەتیس نەکرێت

ئاشکرایە لەدوای ئەوەی کوردستان رووبەڕووی دۆخێکی دژواری ئابووری بووە، پرۆسەیەکی چاکسازیی سەرتاسەری و گشتگیر دەستی پێکرد و ئەم پرۆسەیەش هەنگاوی گرنگی بڕیوە، لەم چوارچێوەیەدا ١١ تەوەری جۆراوجۆری (نەوت و داهات و خەرجییە گشتییەکان و سیستەمی تۆمارکردنی بایۆمەتری و زێدەڕۆیی و سلکی سەربازی و دەرمان و گۆڕانکاریی هەیکەلی حکومەت و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ریفۆرمی ئابووری و گەڕانەوەی موڵك و سامانی گشتی) کاری گرنگییان تێدا کراوە. بۆ قسەکردن لەسەر دواهەنگاوەکانی چاکسازی بەتایبەتی بۆ ئەمساڵی ٢٠١٧ چەند پرسیارێکمان ئاراستەی د. فرسەت سۆفی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی لیژنەی نەزاهە کرد کە لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.

*** ساڵێك لەمەوبەر بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان فەرمانی بۆ ئەنجامدانی چاكسازی لەحكومەتی هەرێمی كوردستان و دامودەزگا پێوەندیدارەكانی هەرێمی كوردستان دەركرد، هاوكات لە٢٥ی شوباتی ٢٠١٧ سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان راپۆرتێكی تایبەت بەهەنگاوەكانی پرۆسەی چاكسازی بڵاوكردەوە، ئایا دەكرێت بزانین گرنگترین خاڵەكانی بەرنامەی كاری ئەو ساڵە چی بووەو تاچەند پرۆسەكە لەئاست ویست و ئومێدەكان بەڕێوەچووە؟**

- ئەم پرۆسەی ئێستا بەڕێوەدەچێت لەژێر رۆشنایی ئەو خاڵانەی چاكسازییە كە جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە ١٠-٢-٢٠١٦ بڵاوی كردنەوە، لەو پرۆسەیەدا دوو وەرەقەی بڵاوكردەوە، یەكێكیان تایبەتە بە چاكسازیی لەدامودەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان وەكو سەرۆكی هەرێمی كوردستان و ئەوی دیكەیان تایبەتە بەحزب (پارتی دیموكراتی كوردستان)، ئەمەش وەكو سەرۆكی ئەو حزبە، پرۆسەكە بەوە دەستی پێكرد كە جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان زنجیرەیەك كۆبوونەوەی یەك لەدوای یەكی لەگەڵ سەرۆكایەتییەكانی حكومەت و ئەنجومەنی دادوەری و داواكاری گشتی و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە ئەنجامدا. ئەم زنجیرە كۆبوونەوانە بۆ دروستكردنی هەماهەنگی بوو لەنێوان دامەزراوەكانی هەرێمی كوردستان تاوەكو بگەینە نەخشەڕێگەیەكی یەكگرتوو بۆ ئەوەی بە پێی ئەو نەخشەڕێگەیە هەموو دامودەزگاكانی هەرێمی كوردستان كاری خۆیان بكەن، ئەوەبوو جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كۆمەڵێك لێژنەی فەرعی دروستكرد بۆ گەیشتن بە راستییەكان (تقصی الحقائق) لەسەر وەزارەتی پێشمەرگەو سلكی سەربازی و دەرمان و زێدەڕۆیی لەسەر موڵك و ماڵی دەوڵەت و چەكی بانكی و كۆمەڵێك بواری دیكەی حكومەت و خەرجی و داهاتەكان، دواتر جەنابی سەرۆك هەموو فایلەكانی گەندەڵی كە لەبەردەستیدا بوون و نزیكەی ١٠٠ فایل بوون بەتەواویی دیكۆمێنت و بەڵگەكان پێشكەشی دەستەی نەزاهەی كرد بۆ دەستپێكردنی لێكۆڵینەوەی یاسایی. لەگەڵ ئەمەشدا هەنگاوە پراكتیكییەكانی لێپرسینەوەو گۆڕانكاریی كارگێڕی دەستی پێكرد، هاوكات حكومەتیش لەژێر رۆشنایی ئەو خاڵانەی كە جەنابی مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان رایگەیاندبوو، دەستی كرد بەكەمكردنەوەی خەرجییەكان، وەك نەكڕینی ئۆتۆمبێل و كەمكردنەوەی ئیفادو نەسرییەو بەردەستی فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییەكان و خەرجییە زۆرو لابەلاكان تا نیوە كەمكرایەوە، هەروەها حكومەت لەكاروباری كۆمەڵایەتی و بڕینی مووچە ناموستەحەقان دەست پێكرد، شانبەشانی ئەمەش هەیكەلیەتی حكومەت بە رادەیەك كەمكرایەوە زیاتر لە ٤٠٠٠ هۆبەو زیاتر لە ١٠٠٠ بەڕێوەبەرایەتی لابران. لە رووی وردبینی و ژمارەی فەرمانبەرانیشەوە ئەوە بوو حكومەت سیستەمی بایۆمەتری دەستپێكرد بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی وەزیفی وەكو دوو مووچە و كارمەندی بندیوار و نارێكی و خراپیی ناو وەزیفەی گشتی.

*** ئەدی بۆ ساڵی ٢٠١٧ بەرنامەو كاری پرۆسەی چاكسازی چی دەبێت؟**

- ئەوەی گرنگە ئێستا هەماهەنگییەكی زۆر گەورە بۆ ساڵی ٢٠١٧ لەنێوان سەرۆكایەتی هەرێم و حكومەت و ئەنجومەنی دادوەری و دەستەی نەزاهەو داواكاری گشتی و دیوانی چاودێریی دارایی دروستبووەو كۆبوونەوەی بەردەوامی دەوری لەنێوان ئەو دامەزراوانە بەڕێوەدەچێت، تاوەكو لە ئەمساڵدا هەنگاوەكان خێراتر و سەرتاسەری و نیشتمانی و كرداریتر بن، گرنگیشە پرۆسەی چاكسازی بەردەوام و سەرتاسەری بێت و تێكەڵ بە ململانێ و دەستكەوتی حزبی نەكرێت و دوور بێت لە تۆڵەسەندنەوە، پرۆسەكە لەپێناو بونیادنانی حكومەتێكی كاراو بەهێزكردن و چالاككردنی رۆڵی دامەزراوەكانە لە هەرێمی كوردستان، لە ئێستاشدا كارەكان بەردەوامە بۆ ئەوەی نەخشەرێگەی ٢٠١٧ بەهێزتر بێت و بڕیارو هەنگاوو كردارەكان و گۆڕانكارییە كارگێڕییەكان پراكتیكی و بەرجەستەتر بن. لەكۆتایی هەفتەی رابردووش لەكۆبوونەوەیەك بووین بەسەرپەرشتی جێگری سەرۆك وەزیران كە لێژنەیەكی شەش كەسی بووین و لەسەر ٤ تەوەری تایبەت بە (وەبەرهێنان - تەجاوزات - وەزیفەی گشتی – دەرمان) قسەی جددی كراو گەیشتینە رەشنووسی كۆمەڵێك بڕیار بۆ كۆبوونەوە فراوانەی هەماهەنگییەكە تاوەكو بڕیاریان لەسەر بدرێت. بۆ نموونە دەرمان كە راستەوخۆ پێوەندی بەخەڵكی كوردستانەوە هەیە، گەیشتووینەتە كۆمەڵێك خاڵی هاوبەش لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و ئەنجومەنی وەزیران و لەم ماوەیەدا كۆمەڵێك بڕیاری گرنگ بۆ رێكخستنی ئەو سێكتەرە گرنگە دەردەچێت. سەبارەت بە وەزیفەی گشتیش بەشێكی زۆری تەحویلی بایۆمەتری كراوە و لە٢٠١٧ مەسەلەی پلەبەرزكردنەوەی نایاسایی و خانەنشینی و دەرماڵەی نایاسایی و دەرماڵەی ناهەقی و پەككەوتەی سەنگەرو پاسەوانی بەرپرسان و ئەوەی لەبەغداو لەوێو لێرە مووچە وەردەگرێت، چاوخشاندنەوەی پێدا دەكرێت و بەشێكی ئیجرائات كراوە و بەشێكی لێژنەكان كاری خۆیان دەكەن.

هەموو پرۆسە چاكسازییەكەی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ و دواتریش لەسەر یەك ئامانجی سەرەكییە، ئەویش ئەوەیە ئەو پرۆسەی چاكسازییانە و كەمكردنەوەی بەهەدەردانانەو

**دەبێت هێڵێك لەنێوان كەرتی تایبەت و حكوومی بكێشین و چیتر كەسە سیاسییەكان كۆنترۆڵی كەرتی تایبەت نەكەن**

**لەپرۆسەی چاكسازی تەنیا خەڵكی سەرپێچیكار و كەمتەرخەم و تۆمەتبار سزا نادەین، بەڵكو هاندەریش دەبین بۆ ئاراستەكردنی كەسەكان ئێمە بیر لە پاداشتیش دەكەینەوە كە لەكوردستان خەڵكی باش و بەرپرسی دڵسۆزو بەتوانامان هەیە، پێویستە هانبدرێن**

**لەمەودوا خزمەتی وەزیفی و خاڵبەندی و سیڤی پێشكەشكردن رۆڵی دەبێت لەسەر بەخشینی پۆستەكان و دەبێت كۆتایی بەمەحسوبییە و واسیتەو ئەمە كوڕی فڵانەو ئەوە كوڕی فڵانە بهێندرێت**

ڕێگەگرتن لەگەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی بۆ باشکردنی ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان بێت، لەم پێناوەشدا ئەمساڵ بەجددی پرسیاری (ئەم سامانەت لەکوێ بووە؟) لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا دەکەین کە بە ناسروشتی دەوڵەمەند بوون، ئەم پرۆسەیە دەستی پێکردووە و بەردەوام دەبێت و کۆمەڵێك کەس ئیجرائاتی لەگەڵ کراوەو و موڵك و ماڵیان لێسەندراوەتەوە بۆ ئەمساڵیش ئیجرائات لەگەڵ کۆمەڵێك کەسی دیکە دەکرێت و موڵك و ماڵیان لێدەسێنرێتەوە.

*** ئەم لێپرسینەوەیە تا چ رادەیەك کۆمپانیا گەورەکانیش دەگرێتەوە؟**

- بەڵێ دەبێت ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانەی موڵك و ماڵی زۆریان داگیرکردووەو لەدۆخێکی ناسروشتیدا بردوویانە بەشێکیان وەربگرینەوە، ئەم پرۆسەیە دەستی پێکردووەو بەردەوام دەبێت، ئەمەش لەچوارچێوەی راستکردنەوەی هەموو ئەو نارێکی و بەهەدەردانی زەوییانە دەبێت، ساڵی ٢٠١٧ ڕێگەنادرێت ئەو کەموکوڕییانەی لە تەجاوزات و موساتەحات و بە کرێدان و داگیرکردنی موڵك و ماڵی دەوڵەت و بینایەکاندا هەن، بەردەوام بن.

*** سەبارەت بەمەلەفی نەوت و گاز کە قسەو باسێکی زۆری لەسەر دەکرێت لەم رووەوە چی کراوە؟**

- دەربارەی ئەم مەلەفە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز چەند هەنگاوێکی پراکتیکی ناوە کە گرنگترینیان راگەیاندنی شەفافییەت بوو، ئەوەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێك کۆمپانیا و دامەزراوەی نێودەوڵەتی و سەربەخۆ و باوەڕپێکراوی تایبەتمەند کاری بۆ وردبینی مەسەلەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت و سەرجەم پرۆسەی فرۆشتن کردووە، کە پرۆسەی تەندەرەکان لە رێگەی کۆمپانیای (DELOITTE) و (Y&E) رێك دەخرێتەوە. ئامانجمان لەساڵی ٢٠١٧دا ئەوەیە کاربکەین لەسەر رەواندنەوەی ئەو گومانە زۆرەی لای خەڵکی کوردستان کە لەئاکامی ئەو راگەیاندنە ناڕەوایەو ململانێ حزبییەی نێوان حزبە کوردستانییەکان دروست بووە و وایکردووە خەڵك بڕوای بەهیچ نەماوە، واتە ٢٠١٧ بکرێتە ساڵی ئاشتبوونەوەی خەڵك لەگەڵ داهاتەکانی ئەم سێکتەرە گرنگەی نەوت، تا بەلای کەم ئومێدێك دروست بێت، تەنانەت چاودێریی توند لەسەر وەزارەتی نەوت دروست دەبێت و ئەوەش بەشێك دەبێت لە پرۆسەکەو داتاو زانیاری و راگەیاندنەکانی ئەم بوارەش لەلایەن گەورە کۆمپانیاکانی (DELOITTE) و (Y&E) بڵاودەبێتەوە، نەك لەلایەن وەزارەتەوە.

*** ئەی سەبارەت بەگۆڕانکاریی کارگێڕی چی کراوەو بۆ ئەمساڵ بەنیازی چین؟**

- ئەوەی من زانیاریم لەسەر ئەم بابەتە هەبێت، هەر لە هەفتەی رابردوو شەش بەڕێوەبەری گشتی گۆڕان و لەم هەفتەیەش ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت و لەمەودوا خزمەتی وەزیفی و خاڵبەندی و سیڤی پێشکەشکردن رۆڵی دەبێت لەسەر بەخشینی پۆستەکان و دەبێت کۆتایی بەمەحسوبییەت و واسیتەو ئەمە کوڕی فڵانەو ئەوە کوڕی فڵانە بهێندرێت. ئێمە وەکو پارتی لەکۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و راپرسی کە چوار بەڕێوەبەری گشتیمان بەرکەوت، دەرگامان کردەوە بۆ هەموو کادیرانی پارتی و خاڵبەندیمان داناو ئەوانە هەڵبژێردران کە زۆرترین خاڵبەندییان کۆکردەوە و مەرجمان دانا هەر لەخزمەتی وەزیفی و زمانزانی و شارەزایی لە هەڵبژاردن و دواتر چاوپێکەوتن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کەسەکان هەڵبژێردران، لەمەودوا لەپڕێکدا خەڵکێك ناکەین بەکوڕێك، ئەگەر قایمقامێك پۆستەکەی چۆڵ بوو، ئەولەوییەت بۆ بەڕێوەبەری ناحییەکە، ئەگەر پۆستی بەڕێوەبەرێکی گشتی چۆڵ بوو، ئەولەوییەت بۆ جێگری بەڕێوەبەری گشتییەك بێت لەبەر ئەوەی شارەزایی هەیە، وەکو پارتی وامان کرد ٤ قایمقاممان گۆڕی ٤ بەڕێوەبەری ناحیەمان داناو بەڕێوەبەری ناحیەکانیش بەڕێوەبەری تاپۆو شارەوانی و پۆلیس شوێنەکانی ترمان لەجێگایان دانا، لەمەودوا هانی ئەو پێوەرو مەرجانە دەدەین، ئێمە لەپرۆسەی چاکسازی تەنیا خەڵکی سەرپێچیکار و کەمتەرخەم و تۆمەتبار سزا نادەین، بەڵکو هاندەریش دەبین بۆ ئاراستەکردنی کەسەکان ئێمە بیر لە پاداشتیش دەکەینەوە کە لەکوردستان خەڵکی باش و بەرپرسی دڵسۆزو بەتوانامان هەیە، پێویستە هانبدرێن.

*** ئەوەی ئاشکرایە لەکوردستان گەندەڵی سیاسییە وایکردووە گەندەڵی ئابووری بەوشێوەیە بوونی هەبێت، ئایا ئەم چاکسازی و ریفۆرمەی باست کرد، دەتوانرێت لەسەرجەم حزبە سیاسییەکان پەیڕەو بکرێت، یا تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرێتەوە؟ ئایا پێتوانییە مەسەلەی گەندەڵیی سیاسی و ئابووری سەرتاسەرییەو پێویستە بەشێوەیەکی ئاسۆیی چارەسەر بکرێت و کەس لە یاسا گەورەتر نەبێت و بەرپرسانی حزبەکانی تریش بگرێتەوە کە لەناو حکومەت پۆستیان هەیە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر زۆر گرنگە؛ لەو کۆبوونەوانەی کە بەسەرپەرشتی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لەکۆبوونەوەکانی حکومەتی هەرێم کە سەرۆك و جێگرەکەی و زۆر لەوەزیرەکان و ئەنجومەنەکان بەشدارن، هەمیشە جەخت لەوە کراوەتەوە ئەم پرۆسەیەی چاکسازییە سەرتاسەری بێت و نابێت لەجوگرافیایەکدا قەتیس بکرێت، ئەو دەنگانە هەن کە پێیانوایە نابێت لەم شارە بکرێت، مادام لەو شارە ناکرێت،

**دەبێت ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانەی موڵک و ماڵی زۆریان داگیرکردووەو لەدۆخێکی ناسروشتیدا بردوویانە بەشێکیان وەربگرینەوە، ئەم پرۆسەیە دەستی پێکردووەو بەردەوام دەبێت**

**ئەمساڵ بەجددی پرسیاری (ئەم سامانەت لەکوێ بووە؟) لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا دەکەین کە بە ناسروشتی دەوڵەمەند بوون، ئەم پرۆسەیە دەستی پێکردووە و بەردەوام دەبێت و کۆمەڵێک کەس ئیجرائاتی لەگەڵ کراوەو و موڵک و ماڵیان لێسەندراوەتەوە بۆ ئەمساڵیش ئیجرائات لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی دیکە دەکرێت و موڵک و ماڵیان لێدەسێنرێتەوە**

بەڵام من وەکو کادیرێکی پارتی تێڕوانین وایە نابێت ئەم پرۆسەیە لەژێر هیچ پاساوێك بوەستێت، تەنانەت ئەگەر هێزێکی سیاسی دیاریکراو یا چەند حزبێکی کوردستانی لەناوچەیەکدا دەسەڵاتی ئیداریی بەدەستەوە نەیەنە ژێر باری ئەوەی ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت، ئێمە ناتوانین لەبەر ئەمە پرۆسەکە رابگرین، بەڵام رێگای راست و دروست بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەربکەوێت دەبێت پرۆسەی چاکسازی و ریفۆرم هەموو لایەك بگرێتەوە و تێکەڵ بە ململانێی حزبی نەکرێت.

*** کەواتە بەهاوشێوەی زۆر لەئەزموونە پێشکەوتووەکانی دنیا کە سەرەتا هەنگاو بەرەو دژەگەندەڵی دەنرێت بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی، چونکە پرۆسەی چاودێری و بەدواداچوون و لێپرسینەوە لەم سەردەمەدا کە تاوانی سپیکردنەوەی پارە هەیە، کارێکی قورسەو تەنانەت دەزگا پێشکەوتووەکانی دنیاش بەئەرکێکی ئاسانی دانانێن. ئایا بۆ ئەم بوارە چی کراوە؟**

- لەدژی گەندەڵی بەربەستی گەورەمان لەپێشە؛ لەبەر ئەوەی ئەو میکانیزمانەی سەرپشکن بۆ ئەوەی چاودێری بکەن، گرفت و کێشەیان تێدایە، دەبێت ئەو راستییە نەشارینەوە کەدیوانی چاودێری و دەستەی نەزاهەو ئەنجومەنی دادگاو دادوەری ئێمە لەئاست چاوەڕوانییەکانمان نییە، ئەمە لەکاتێکدا کە پەرلەمانی کوردستانیش لە ئێستادا لەکار کەوتووە، ئەمانە هەمووی پێکەوە وایکردووە پرۆسەی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی کێشەی تێ بکەوێت، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئێمە ناتوانین هیچ بکەین، سەرەتا ئامانجی گەورەو سەرەکی دەستپێکردنە بەئیجرائات و بانگهێشتکردنی ئەو خەڵکانەی تۆمەتبارن و بەناسروشتی دەوڵەمەند بوون و پێیان بوترێت ئەمەت لەکوێ بوو؟ خۆشبەختانە جەنابی سەرۆك خۆی وتوویەتی کەس نابێت حەسانەی هەبێت و هیچ کەسێکیش لەدەرەوەی پرۆسەی لێپرسینەوە نییە. بۆیە ئومێد هەیە بەهۆی پاڵپشتی بەهێزی جەنابی سەرۆك، ئەو ئیجرائاتانە کاریگەریی باشی هەبێت بۆ ئەوەی بەلایەنی کەم ئاستەنگێك، یا رووبەڕووبوونەوەیەك لەبەردەم گەندەڵی دروست بکرێت لەساڵی ٢٠١٧ و ئەو خوێنبەربوونە رابگیرێت کە کوردستانی گرتۆتەوە لەبەهەدەردانی سامانی گشتی و هەموو ئەو کارانەی وەکو بەرتیل و واسیتەو مەحسوبییەت و مەنسوبییەت و بەفیڕۆدانی موڵك و ماڵی گشتی و چەندین بواری دیکە کە لەچوارچێوەی گەندەڵیدان هەوڵ بدرێت سنوورێکیان بۆ دابنرێت و رێگەیان لێ بگرین، بەشێکی بەدەزگاکانی چاودێری دەکرێت و بەشێکیشیان بە یاسا دەکرێت، لەمەشدا کات پێویستە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەڕێگە، ئێستا خۆشبەختانە نەخشەڕێگەیەکی ٥ ساڵە لەلایەن دەستەی نەزاهە بەهاوکاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامادە کراوە، بەناوی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئێستا ئەم بوارە بەشێوازێکی بەربڵاو قسەی لەسەر دەکرێت و ئومێدو تروسکاییەك بۆ خەڵك گەڕاوەتەوە و گرنگ ئەوەیە هەمووی پێکەوە ئەنجامی بدەین و هەمووان پێکەوە نیشتمان رزگار بکەین، چونکە داعش چەند مەترسی بوو لەسەر خەڵکی و کوردستان، ئەوا تەشەنەکردنی بێئومێدی و گەندەڵی دوو هێندە مەترسیدارترە لەسەر ئایندەی کوردستان، چونکە نارەزایەتی خەڵك و بەردەوامبوونی خراپی رەوشەکە بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی مەترسیدارە.

*** لەهەموو پرۆسەیەکی چاکسازی و ریفۆرم تەنیا لەکەرتی گشتی ئەنجام نادرێت، بەڵکو کەرتی تایبەتیش دەگرێتەوە. ئایا لەمبارەیەوە چی کراوەو پێتوانییە لەم رووەوە کەمتەرخەمی هەیە؟ بۆچی کەرتی تایبەت لە پرۆسە چاکسازییەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی هەنگاوی بۆ نەنراوە؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی گرنگەو رۆژی پێنج شەممە لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران کە بەئامادەبوونی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن ئەنجام درا، ئەم تەوەرەیە باسی لێوەکرا، چاکسازی و چاککردنی دۆخی بازاڕو کەرتی تایبەت بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی زۆر زەرووره، هاوکات جموجوولێکیش بخرێتەوە ناو کاری بەڵێندەرایەتی و هەوڵ بدرێت وەبەرهێنان بهێنرێتە بواری رێگاوبان و تونێل و دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەڕ و لەلایەك گۆڕانکارییەکی جۆری لە ئابووری رووبدات و لەلایەك هەلی کار بۆ خەڵکی بدۆزرێتەوە و ئەم بوارانەش ببنە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ ئەوەی جارێکی دی ئەگەر بەهای نەوت دابەزی، رووبەڕووی قەیرانی گەورەی دارایی نەبینەوە و بخنکێین. ئەو جەڵتەیەی لێیداین لەو پووکانەوە ئابوورییەی کە تووشمان بوو، پێویستە ببێتە ئەزموونێك بۆ ئەوەی ئەمجارە سوود لەهەڵە ئابوورییەکانی رابردوو وەربگرین و کەرتی تایبەت بەهێز بێت بە رادەیەك ئەو هەموو کەموکورتییانەی کەم بکەینەوە، دەبێت هێڵێك لەنێوان کەرتی تایبەت و حکوومی بکێشین و چیتر کەسە سیاسییەکان کۆنترۆڵی کەرتی تایبەت نەکەن، پرۆسەی چاکسازیی هەردوو کەرتی تایبەت و هەموو سێکتەرەکان لەخۆدەگرێت، هەر لە بواری جگەرەو بازرگانییەوە تاوەکو فڕۆکەوانی و گەشتیاری و بازرگانی و پیشەسازی و خزمەتگوزاری لەهەموو ئەم بوارانە دەبێت ئازادیی کێبڕکێ لە نێوان هەموو لایەك و ئەو بازرگان و پیشەسازیکارو بیزنسکارانە بڕەخسێندرێت کە دڵسۆزانەو بەپێی مەرج و رێنمایی و یاساکانی هەرێم دەیانەوێت کار بکەن و خزمەت بەکۆمەڵگەکەیان بکەن.

**هەماهەنگییەکی زۆر گەورە بۆ ساڵی ٢٠١٧ لەنێوان سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و ئەنجومەنی دادوەری و دەستەی نەزاهەو داواکاری گشتی و دیوانی چاودێری دارایی دروستبووە**

**هەموو پرۆسە چاکسازییەکەی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ و دواتریش لەسەر یەک ئامانجی سەرەکییە، ئەویش ئەوەیە ئەو پرۆسەی چاکسازییانە و کەمکردنەوەی بەهەدەردانانەو رێگەگرتن لەگەندەڵی و بەفیرۆدانی سامانی گشتی بۆ باشکردنی ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان بێت**



# زۆرینەی سیاسی و ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق

د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی



پرۆسەی سیاسی لە عێراق دوای رووخانی رژێمی بەعس لەسەر بنەمای سازانی سیاسی بنیادنرا، بە گوزارشتێکی دیکە لەسەر دیموکراسیی تەوافوقی، رژێمی عێراق رژێمێکی دیموکراسییە بەپێی ماددەی یەکەمی دەستووری هەمیشەیی، هەرچەندە دەستووری عێراق ئاماژەی بە دیموکراسیی تەوافوقی نەکردووە، بەڵام سروشتیی کۆمەڵگەی عێراقی ئەم تەوافوقییەی سەپاندووە، چونکە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەو ئایین و ئایینزایە بەپێی ماددەی سێیەمی دەستوور، ئەگەر ئەم پرەنسیپە جێبەجێ نەکرێت ئەوا پێکهاتەو کەمینەو حزبە بچووکەکان پەراوێزدەخرێن، بەم پرەنسیپە هەمووان لە دارشتنی بڕیار و بنیادنانی دەوڵەت بەشداردەبن، ئەم سیستەمە سلبییاتی زۆری هەیە، بەتایبەتیش بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی بەهێزو رەخنەگر، بەڵام زەحمەتە دەوڵەت دوای رووخانی بنیاد بنرێتەوە، چونکە دەوڵەت لە سەرەتای دامەزراندنەو رژێمیش لە سەرەتای کارکردنە، بۆیە پێویستە حکومەتەکانی عێراق لەسەر پرەنسیپی تەوافوق بەردەوام بن، ئەم پرەنسیپە وڵاتی لە پارچەپارچەبوون پاراستووە، چونکە هەموو لایەنە سیاسییەکان قایل دەکات.

پرەنسیپی زۆرینەی سیاسی لە قۆناغی هەڵبژاردنەوە لە عێراق پیادەکراوە، بەمەش هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە لەوەتەی رووخانی بەغدا حوکم دەکات، حزبی دەعوەش سەرۆکایەتیی وەزیرانی وەرگرتووە، بۆیە ئەم پۆستە لای دەوڵەتی یاسا هێڵی سوورەو نابێ ببەزێنرێت، زۆرینەی سیاسی رێگەی بە هاوپەیمانیی شیعە دا سەرۆکایەتیی وەزیران وەربگرێت، بۆیە کاتێ کە ئیئتلافی عێراقییە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ توانی ٩١ دەنگ لەبەرامبەر ٨٩ دەنگ بۆ مالیکی بەدەست بهێنێت، مافی علاوی بوو بەپێی دەستوور حکومەت پێکبهێنێت، هەرچەندە شیعەشە، فراکسیۆنەکەی بڕوای بە پشکپشکێنەو تایفەگەریی نییە، مالیکی نەیهێشت وەزارەت پێکبهێنێت و ئێرانیش فشاری بۆ سەر مام جەلال سەرۆك کۆماری پێشوو هێنا، مام جەلالیش دانی بەمەدا ناوە بە گوتەی عەلاوی، بەپێی ماددەی ٧٦ی دەستووری عێراق سەرۆك کۆمار ئەو کوتلە پەرلەمانییەی کە زۆرینەی هێناوە رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی وەزارەت لە ماوەی ١٥ رۆژی دوای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، دیارە فشارو هەوڵی ناوخۆو دەرەکیی وای کرد کە ماڵی شیعە یەکبخرێت و خۆیان هەر دەسەڵاتیان بەدەستەوە بێت.



هەڵوێستی ئەمریکاش لە قەیرانی نێوان عەلاوی و مالیکی چاوەڕواننەکراو بوو، ئیدارەی ئۆباما ترسی لە هەڵکشانی قەیرانەکە هەبوو، چونکە پێی وابوو ئەگەر پشتیوانیی لە عەلاوی بکات بۆ پێکهێنانی حکومەت و ئێرانیش نارازی بێت، ئەوا رەنگە عێراق بکەوێتە نێو ئاژاوەو پاشاگەردانی لەبەر تووڕەبوونی ئێران، دوای ئەوەی کە رەوشەکەی عێراق ئاڵۆزبوو بە تایبەتی لەنێوان ئیئتلافی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا، واشنتۆن پرۆژەیەکی خستەڕوو، ئەویش پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە باڵاکان بوو بە سەرۆکایەتیی عەلاوی، کوتلە سیاسییەکان رێککەوتن و واژۆیان لەسەر پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە کرد لە هەولێر، بەپێی رێکەوتننامەی هەولێر حکومەتی عێراق پێکهات، ئەنجومەنی ناوبراویش پێکهات بۆ تاوتوێکردنی کێشە ستراتیژی و نیشتمانییەکان، بەڵام دیارە ئەم پرۆژەیە تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز بوو، هیچ دەسەڵاتی پێ نەدرا، کاتێکیش مالیکی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤ بە ساختە دەرچوو بە بەکارهێنانی پارەی دەوڵەت لە پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردنداو بە پشتیوانی دەوڵەتێکی ئیقلیمی، ئەمریکا وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیرانی لەلایەن مالیکییەوە رەت کردەوە، چونکە ئیدارەی ئۆباما نەیدەویست هەمان هەڵەی هەڵبژاردنەکانیساڵی ٢٠١٠ دووبارە بکاتەوە، پێشی وابوو کە هاتنەوەی مالیکی عێراقی یەکگرتوو لەبەین دەبات، بەڵام هەر لە دانانی سنوورێك بۆ تەماعکاریی ئێران شکستی هێنا، رەنگە ئیدارەی تازەی ترەمپ جارێکی دیکەو بە درووستیی واقیعی عێراق بخوێنێتەوە، بە تایبەتیش کە تیمە وەزارییەکەی بەوە ناسراوە کە بەتوندی دژی ئێرانە، لەوانەش جیمید ماتیس Jamed Mat-tis وەزیری بەرگریی ئەمریکا، کە بە سەگە هارەکە Mad Dog ناسراوەو ئۆباما لەساڵی ٢٠١٣ خانەنشینی کرد بە هۆی هەڵوێستە توندەکانی بەرامبەر ئێران، هەروەها مایك بومبیو سەرۆکی CIA کە لە جریوەیەکدا داوای کردبوو رێکەوتننامە

**پرەنسیپی زۆرینەی سیاسی لە قۆناغی هەڵبژاردنەوە لە عێراق پیادەکراوە، بەمەش هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە لەوەتەی رووخانی بەغدا حوکم دەکات، حزبی دەعوەش سەرۆکایەتیی وەزیرانی وەرگرتووە، بۆیە ئەم پۆستە لای دەوڵەتی یاسا هێڵی سوورەو نابێ ببەزێنرێت**

لەگەڵ گەورەترین دەوڵەتی پشتیوانیکار لە تیرۆر( ئێران) هەڵبوەشێنێتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٩ نوری مالیکی بیرۆکەی زۆرینەی سیاسیی خستەڕوو تاکو لە عێراق پیادەبکرێت، مەبەستیشی تاکڕەویی بوو لە دەسەڵات، بۆ ئەوەی هەر سیاسەتوانێکی سوننە یان کورد یان شیعەی بەدڵ نەبێت لای بەرێت، ئەو گوتیشی هۆکاری ئەو قەیرانەی عێراق دیموکراسیی تەوافوق و پشکپشکێنە و تەوافوقی سیاسییە، جا بۆ ئەوەی عێراق لەو هەموو ئاستەنگ و لەمپەرانە رزگاری بێت، پێویستە پرەنسیپی زۆرینەی سیاسی پیادەبکرێت، بۆ ئەوەی خۆیشی ببێتە سەرۆك وەزیرانی ئازادو دوور لە کۆتوبەندی کوتلە سیاسییەکان، هاوکات ئەوەی بیەوێت دایمەزرێنێت و ئەوەی رقی لێیەتی لای بەرێت، ئەوکاتە دەبێتە رژێمێکی تۆتالیتاری و هەموو پێکهاتەو کەمایەتییەکان لەنێو زۆرینەی سیاسیدا دەتوێنەوە، ئەگەر ئەم بیرۆکەیە بخرێتەڕوو لەلایەن مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر کە بەڕاستی بڕوای بە سیستەمی دیموکراسی و فرەیی ئازادیی ئایینی و مافی مرۆڤ و کەمینەکان هبێت ئەوا زۆر پەسندە، بەڵام کەسێکی ئیسلامیی تایفی بیخاتەڕوو کە بڕوای بە دەوڵەتی ئایینی هەبێت و دەوڵەتی مەدەنی و فرەیی رەت بکاتەوە ئەوا بەهیچ شێوەیەك قبوڵ نییە، مەبەستیش لە خستنەڕووی ئەم پرەنسیپەش بەدیهێنانی تەنیا زۆرینەی تایفییە، ئەگەر نا ئەم پرەنسیپە دیموکراسییەو لە زۆربەی وڵاتانی دنیا پیادەکراوە، بەڵام ئەوە بۆ دەوڵەتانی پێشکەوتوو گونجاوە کە سەروەرییەکی راستەقینەیان هەبێت لە خاك و بڕیارو سوپاو داهات، هیچ کێشەی شەڕی ناوخۆو جوگرافی و ئایینی و نەتەوەییان نەبێت، ئێمە بینینمان چۆن مالیکی لە شەو و ڕۆژێکدا تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماری بە تیرۆریست ناساند، هەمان شت بۆ رافع عیساوی و زۆر سەرکردەی دیکەی سوننە، لە راستیدا زیانلێکەوتووی یەکەم و کۆتایی لە پرەنسیپی زۆرینەی سیاسی کوردە، چەندین جار رێککەوتن لەسەر زۆر پرس لە نێوان پەرلەمانتارانی شیعەو سوننە دژی کورد لە نێو پەرلەمانی عێراق هەبووە،رەنگە دیارترین نموونەش هەڵوێستی دژایەتیکردنە لەهەمبەر مافەکانی پێشمەرگە، بۆیە پێویستە بە هەموو شێوەیەك ئەم پرەنسیپە رەت بکرێتەوە، چونکە بە ئاشکرا هەڕەشەی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی کوردستان.

**هەڵوێستی ئەمریکا لە قەیرانی نێوان عەلاوی و مالیکی چاوەڕواننەکراو بوو، ئیدارەی ئۆباما ترسی لە هەڵکشانی قەیرانەکە هەبوو، چونکە پێی وابوو ئەگەر پشتیوانیی لە عەلاوی بکات بۆ پێکهێنانی حکومەت و ئێرانیش ناڕازی بێت، ئەوا رەنگە عێراق بکەوێتە نێو ئاژاوەو پاشاگەردانی**

پرەنسیپی زۆرینەی سیاسی لەلایەن هەمووان رەتکراوەتەوە، بەتایبەتیش کاتێ دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ حکومەت پێکهێنرا،چونکە ئەم پرەنسیپە نا واقیعی و نا لۆژیکییە لە وڵاتێکی وەك عێراق، جێبەجێکردنیشی وڵات بەرەو لێکهەڵوەشان و کاولکاریی دەبات، دەیکاتە گۆڕەپانی ململانێ سیاسییەکان و رەنگە ببێتە شەڕی راستەقینەی نێوان سەرجەم خەڵکی عێراق، لەگەڵ رەتکردنەوەی پرەنسیپی زۆرینەی سیاسی لەلایەن هەموانیشەوە، بەڵام نوری مالیکی بە کردەنی پیادەی کرد، ئەمەش بە ئاشکرا لە رەفتارو هەڵسوکەوتە تاکلایەنەکەیدا بەدەرکەوت، کاتێ سوننەی پەراوێزخست و رایگواستن، ئەو لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە سوپاکەی بەهێزبکات بە دامەزراندنی چەند لیوایەکی سەربازی کە سەر بە خۆی بێت بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان، ئەوە بوو ئۆپەراسیۆنی دیجلەی بە سەرۆکایەتیی عەبدولئەمیر زەیدی پێکهێنا بۆ نانەوەی ئاژاوە لە شاری کەرکوك، جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش رایگەیاندبوو کە مالیکی سوپایەکی تایفی پێکهێناوە، بۆیە داواکەی مالیکی بۆ پرەنسیپ زۆرینەی سیاسی فێڵێکی سیاسییە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بگەڕێتەوە گۆڕەپانی سیاسی، تا لاپەڕە رەشەکانی بپێچێتەوە کە تژین لە گەندەڵی و تاوان و شکست، هەوڵبدات حکومەتێکی تایفیی شیعیی پێکبهێنێت، بەڵام بە تاموچێژی نیشتمانی کە کۆمەڵەکەسانێکی کەم کۆبکاتەوە لە پێکهاتە جیاجیاکانی سوننەو کوردو تورکمان و کریستییان. تاد، تاکو حکومەتەکەی بە تایفی تاوانبار نەکرێت، لە راستیدا بوونی مالیکی لەسەرووی لیستەکە باشترین بەڵگەیە کە ئەم حکومەتە تایفییە، چونکە بوونی کەسانی دیاریکراو لە پێکهاتە جیاجیاکان بەم ژمارە کەمە سیفەتی تایفی لەسەر حکومەتی داهاتووی مالیکی لانابات، سەدام حوسێنیش هەر وای دەکرد، لەکاتی پێکهێنانی هەر حکومەتێکی عێراقی کەسایەتیگەلێکی دیاری لە پێکهاتە جیاجیاکان هەڵدەبژارد تاکو شەرعییەتی پێ بدات، بەڵام هەموو ئەمانە نەبوونە هۆی سڕینەوەی

**پرەنسیپی زۆرینەی سیاسی لەلایەن هەمووان رەتکراوەتەوە، بەتایبەتیش کاتێ دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ حکومەت پێکهێنرا،چونکە ئەم پرەنسیپە نا واقیعی و نا لۆژیکییە لە وڵاتێکی وەک عێراق، جێبەجێکردنیشی وڵات بەرەو لێکهەڵوەشان و کاولکاریی دەبات**

سیفەتی ستەم و سەرکوتکردن و حزبایەتیی تەسك لە حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی سەدام.

بێگومان هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە زۆر پەرۆشی جێبەجێکردنی پرەنسیپی زۆرینەی سیاسییە، چونکە زۆرینەی تایفی شیعیی بەدی دەهێنێت، ئەو کاتە دەتوانن هەموو یاساکان کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بن تێپەڕێنن، سەدرەدین قەبانجی سەرکردەیەکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی دەڵێت: ((شیعە مافی خۆیانە حوکمی عێراق بکەن، چونکە زۆرینەن، لە ئێستادا زۆرینەی سیاسی لە عێراق شیعەیە))، نەك لەبەر ئەوەی کە شیعە زۆرینەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆربەی سوننە بە زۆرەملێ دەرکراون و راگوێزکراون، بەڵام هاوپەیمانیی نیشتمانی ناتوانێت پەنابەرێتە بەر پرەنسیپی زۆرینەی سیاسی، چونکە پرۆسەی سیاسی یەکسەر هەرەس دەهێنێت، هاوکات ئاژاوە وڵات دەگرێتەوە و ئەم هەنگاوەش پاساوێکە بۆ سوننە لە دەرەوە کە بەتوندی بەرامبەر ئەم رژێمە بوەستنەوە، لەهەمان کاتیشدا پاساوێکە بۆ کوردستان تا لە عێراق جیابێتەوەو سەربەخۆ بێت، بۆیە هاوپەیمانیی نیشتمانی بە ئاشکرا ئەم پرەنسیپە رەتدەکاتەوە، بەڵام بەنهێنی جێبەجێی دەکات، بە تایبەتیش کە دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتیی مالیکی لە پەرلەمانی عێراق ئەم پرەنسیپە پیادەدەکات، نموونەی زۆریشمان بینی، بە تایبەتی لە لابردنی هۆشیار زێباری وەزیری دارایی، کە لێپرسینەوەکە لەلایەن دەوڵەتی یاساوە بەڕێوەچوو، کە دواتر توانی لاییبات، بەڵام شکستی هێنا کە وێنە تایفییەکەی خۆی زیاتر دەربخات، کامل ناسری کە پەرلەمانتارێکی بەرەی ئیسلاحە لە پەرلەمان دەڵێت: ((ئەوەی دوێنێ لە پەرلەمانی عێراق روویدا دوای لابردنی هۆشیار زێباری بریتییە لە سەرەتایەکی تازە بۆ سەرخستنی پرۆژەی زۆرینەی سیاسی))، جێبەجێکردنی راستەقینەی پرەنسیپی زۆرینەی سیاسی بە ئاشکرا لە یاسای حەشدی شەعبی بە ئاشکرا دەرکەوت، کاتێ هاوپەیمانیی نیشتمانی دەنگی بەو یاسایە دا بە بایکۆتی سوننە و بەشی زۆر لە کورد و پێکهاتەکانی دیکە، بۆیە دەڵێم کە پرەنسیپی زۆرینەی سیاسی ئامانجی هاوپەیمانیی نیشتمانی دەبێت لە ئایندەدا، جێبەجێش دەکرێت، بەڵام کێشەو ئاستەنگ لەبەردەم هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە ئەوەی کێ سەرۆکایەتیی حکومەتی ئایندە دەکات؟ حزبی دەعوە ناتوانێت دەسەڵات بگرێتەدەست هەتا ئەگەر هەڵبژاردنەکان تێکبدات، مالیکیش ناتوانێت بگەڕێتەوە دەسەڵات هەتا ئەگەر زۆرترین دەنگیش بەدەست بهێنێت، بەڵێ ئەمە دەکرێ، واتا حزبی دەعوە دەسەڵات وەربگرێت و مالیکیش سەرۆکایەتیی حکومەت بکات، بەڵام رووبەڕووی دوو تەحەددیی مەترسیدار دەبینەوە، یەکەمیان دابەشبوونی عێراقە، نە سوننەی راستەقینەو نە کوردی نیشتمانپەروەرو نە پێکهاتەکانی دیکە کە بایەخ بە پرسە نەتەوەیی و ئاینی و ئاینزاکان دەدەن بەشداریی لە پرۆسەی سیاسیدا دەکەن، ئەوکاتە پرۆسەی سیاسی هەرەس دێنێت، حکومەتیش دەبێتە حکومەتێکی ئیسلامی و ئاینی و تایفی، تەحەددییە مەترسیدارەکەش ناکۆکیی نێوان خودی شیعەیە، رەنگە شەڕی ناوخۆ لەنێوان رۆڵەکانی یەك تایفە رووبدات، بە تایبەتیش لەنێوان رەوتی سەدر لەلایەك و لەنێوان دەوڵەتی یاسا لەلایەکی دیکەوە، ئەم ململانێیانەی نێوان ئەو دوو گروپە تا ئێستاش بەردەوام و بەهێزە، بە چاوی خۆمان بینیمان ئەوەی کە لە باشووری عێراق روویدا بەتایبەتیش لە پارێزگای بەسرە کە قووڵایی شیعەیە، ئەگەر هەڕەشەی داعش نەبووایە رەنگە قەیرانەکە قووڵتر دەبوو، نابێ رۆڵی ئێران و مەرجەعییە ئاینییەکان لەبیربکەین کە لەترسی هەڕەشە دەرەکییەکان جەخت لە یەکبوونی ماڵی شیعە دەکەنەوە، بۆیە چەند جاریش گوتوومە هەرچەند هەڕەشە بۆ سەر بوونی سیاسیی شیعە هەبێت ئەوا هەموویان پاشەکشەدەکەن و کێشەکانیان لەنێو یەك ماڵدا لەبیردەکەن، بینیشمان چۆن شیعە یەکبوون دژی کوتلەی عەلاوی، کاتێك ئەوەندەی نەمابوو سەرۆکایەتیی وەزیران وەربگرێت، بۆیە رەنگە ئەو هەڕەشانە هەر بمێننەوەو بەردەوام بن لە عەقلییەتی جەمعی شیعەدا لەپێناو بەدیهێنانی ئەو داخوازییە، هەتا ئەگەر عێراق سەقامگیرو گەشاوەش بێت وەك دەوڵەتانی ئەسکندناڤی.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە زۆر پەرۆشی جێبەجێکردنی پرەنسیپی زۆرینەی سیاسییە، چونکە زۆرینەی تایفی شیعیی بەدی دەهێنێت، ئەو کاتە دەتوانن هەموو یاساکان کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بن تێپەڕێنن**

**نابێ رۆڵی ئێران و مەرجەعییە ئایینییەکان لەبیربکەین کە لەترسی هەڕەشە دەرەکییەکان جەخت لە یەکبوونی ماڵی شیعە دەکەنەوە، هەرچەند هەڕەشە بۆ سەر بوونی سیاسیی شیعە هەبێت ئەوا هەموویان پاشەکشەدەکەن و کێشەکانیان لەنێو یەک ماڵدا لەبیردەکەن**

## لوئەی ئەلراکییە پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# سیاسەتە تایفەگەرییەکانی حکومەتی بەغدا بوونەهۆی ئەوەی هەندێ ناوچەی عێراق هەست بکەن جگە لە بەرهەڵستیکردن هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەیان نییە

**لوئەی ئەلراکییە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسی کە لە زانکۆی هوستۆن بەدەستی هێناوە، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەت لە جیهانی عەرەبیدا، تیۆرەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و لەبەریەك هەڵوەشانی دەوڵەتان، بۆ قسەکردن لەبارەی پێشبینییەکانی پەیوەست بە سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمەریکاوە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی ئەم وڵاتانە و چەند مەسەلەیەکەی دیکەی پەیوەست بە ئێستا و ئایندەی ئەم ناوچەیەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** ئێمە دەزانین کە تاوەکو ئێستا ئیدارەی ترەمپ سیاسەتێکی روونی گەڵاڵەنەکردووە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەش نادڵنیایی و بگرە نیگەرانی دروستکردووە لە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم حاڵەتە چ خزمەتێك بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەکات؟**

- پێموایە یەکێك لە کێشەکانی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا نەبوونی ڕۆئیایەکە، راستە دۆناڵد ترەمپ چەند بڕیارێکی دەرکرد لەبارەی قەدەغەکردنی چوونی هاوڵاتییانی چەند وڵاتێکی ئەم ناوچەیە بۆ ئەمەریکا، هەروەها هەڵوێستێکی توندی لە دژی ئێران گرتۆتەبەر و ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی چەند وڵاتێك لە ناوچەی کەنداو وا بیربکەنەوە کە بە راستی ترەمپ ڕێوشوێنی توند لە دژی ئێران دەگرێتەبەر، بەڵام لە راستیدا ئەمە روون نییە، چونکە لێدوانی توند بە مانای گرتنەبەری ڕێکاری توند نایەت. تەنانەت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ترەمپ، ئەوا لە زۆر بۆنەدا —ترەمپ- ستایشی ئێرانی کرد بۆ شەڕکردن لە دژی تیرۆریزم و ستایشی کارکردنی لەگەڵ رووسیادا کرد. کەواتە تا ئێستا مەسەلەکان لە قاڵبی لێدوان دەرنەچوون و نەبوونەتە ڕێکاری کۆنکرێتی. جگە لە ئیسرائیل نەبێت کە پێدەچێت دەستی ئیسرائیل واڵا بکات.

*** ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە دۆناڵد ترەمپ ستایشی رۆڵی ئێرانی کردووە لە شەڕی دژە تیرۆردا، لێکدانەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە، چونکە ئیدارەکانی ئەمەریکا، بەتایبەتی ئیدارەی جۆرج بۆش ئەو نەریتەیان هەبووە کە بە ئاشکرا ئیدانەی ئێرانیان کردبێت، بەڵام بە نهێنی هاوکارییان لەگەڵ یەکدا کردبێت. بۆ نموونە، زەلمای خەلیل زاد، باسی لەوە کرد کە



ئێـران و ئەمەریـکا –ئەگەرچـی بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆش بێـت- هاوکاریـی یەکتریـان کـرد لـە سەروەختی داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئـەوەی پێوەنـدی بـە جـۆرج بۆشـەوە هەبێـت، ئـەوا پێیوابـوو ئێـران دەتوانێـت یارمەتیـدەر بێـت، ڕەنگـە ئۆبامـا و ترەمپیـش بیرکردنەوەیـان ئـەوە بێـت کـە ئێران ئەوەنـدە بەهێـزە کـە دەتوانێـت هاوکاربێـت لـە شەڕی دژ بە تیرۆر لە عێراق و سەقامگیرکردنی سـووریا.

*** کەواتـە بۆچوونـی ئێـوە چییـە لەسـەر ڕۆڵـی ئێـران لـە پێوەنـدی بـە دووبارەڕێکخسـتنەوەی ناوچەکـە و شـەڕی دژە تیـرۆردا؟**

- واقیعەکـە ئەوەیـە ئێـران دەوڵەتێکـی بەهێـزە لـە ناوچەکـەدا و دەبێـت هێـزە ڕۆژئاواییەکانیـش ئەمـە لەبەرچاوبگـرن و ئـەو هێزانـە ناتوانـن کێشـەکانی ناوچەکـە چارەسـەر بکـەن بـە بێ ڕەچاوکردنـی ڕۆڵـی ئێـران، بـەڵام بەداخـەوە زیادبوونـی دەسترۆیشـتوویی ئێرانیـش لەسـەر حیسـابی ڕۆڵـی کاراکتەرەکانـی دیکـەی ناوچەکەیـە، وەك کـورد و عـەرەب، کەواتـە بەڵـێ ڕاسـتە ئێـران وڵاتێکـی بەهێـزەو دەبێـت ئەمەریکاش بۆ هـەر چارەسـەرێکی مامەڵە لەگـەڵ ئێراندا بکات، بـەڵام لایەنە سلبییەکەی ئەوەیە کە ئەمـە لەسـەر حیسـابی کاراکتـەرە لاوازەکانـە، وەك عـەرەب و ئەمـەش کاردانـەوەی لێدەکەوێتـەوە، واتـە دەبێتەهـۆی ئـەوەی خەڵکانێـك بـەرەو ڕادیکاڵییـەت بچـن لەبـەر ئـەوەی ڕازی نیـن بـە ڕۆڵـی ئێـران.

*** بـەڵام ئێـوە دەزانـن کـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە قۆناخێکـی زۆر سـەخت و دژواردا تێدەپەڕێـت و گرووپـە تیرۆریسـتی و توندڕەوەکان ئاژاوەو ناسەقامگیرییەکی زۆریان دروست کردووە، پرسـیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریـکا تـا چ ڕاددەیـەك دەتوانێـت لـە چارەسـەرکردنی کێشـەی تیـرۆردا هـاوکار بێـت؟**

- مەسـەلەکە ئـەوە نییـە کـە ئەمەریـکا

بەئەنقەست هەڵسابێت بە دروستکردنی گروپە تیرۆریستییەکان، ئەگەرچی بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی خۆی پشتگیری لە گروپگەلێك کردووە کە لە کۆتاییدا کاولکاری و وێرانەیان لە ناوچەکەدا دروست کردووە، تەنانەت هەندێ لە هێزە ڕۆژئاواییەکان و بگرە هێزە ئیقلیمییەکانیش ئەم کارەیان کردووە، واتە پشتیوانیان لە هەندێ گروپ کردووە کە دواتر وێرانکارییان دروست کردووە، وەك ئەلقاعیدە و داعش و.. هتد. کەواتە ئەگەر ئەمەریکا جددییە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، ئەوا دەبێت سیاسەتێکی درێژخایەن بگرێتەبەر بۆ ئەوەی هاوکار بێت لە سەقامگیرکردنی ئەم وڵاتانەدا، واتە هەر تەنیا هەوڵەکانی لە هێرشی ئاسمانی و بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەواندا کورت نەکاتەوە، چونکە ئەمانە بە تەنیا نابنەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکان. بۆ نموونە چارەسەرکردنی کێشەی داعش لە عێراقدا بەوە دەبێت هاوکار بێت لە سەقامگیرکردنی عێراق، واتە پێویست بە چارەسەری درێژخایەن دەکات.

*** واتە مەبەستی ئێوە ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا هۆکاری دروستبوونی داعش ناکارایی سیستمی حوکمڕانیی عێراق و سیاسەتی تایفەگەرییەکانی ئەو حکومەتە بوو؟**

- من هاوڕام، چونکە ئەمەریکا بە تەواوەتی دەوڵەتی عێراقی لەبەریەك هەڵوەشانەوە، لە نێویاندا سوپای ئەو وڵاتە، ئەو کاتەش بوارێك دروست بوو کە ڕێکخراوێکی وەك داعش توانی بە ئازادی جموجوڵ بکات و سوود لە بارودۆخەکە وەربگرێت. هەروەها سیاسەتە تایفەگەرییەکانی حکومەتی عێراقیش بوونەهۆی ئەوەی هەندێ ناوچەی عێراق هەست بکەن جگە لە بەرهەڵستیکردن هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەیان نییە و لە سەرەتاشدا پێیانوابوو ئەمە شێوازی دروستی بەرهەڵستیکردنە، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت کە ئەمە مایەی کارەساتە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، دۆخەکە بەم شێوەیە دەستی پێکرد، بۆ نموونە ناوچەکە سوننەکانی عێراق هەستیان کرد لەو مافانە بێبەشکراون کە پێکهاتەکانی دیکە لێیان بەهرەمەندن، لەبەر ئەوە کاردانەوەیان هەبوو بەرامبەر جیاکاری حکومەتی مەرکەزی.

*** بەڵام پێتوانییە کاتێك ئەمەریکا پاشەکشە دەکات لە ناوچەکەدا، ئەوا هێزی دیکە دێت و ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە، کە ئێمە حاڵەتەمان لە وڵاتی سووریادا بەدی کرد کە رووسیا دەستتێوەردانی کرد و توانیشی دۆخەکە لە بەرژەوەندی ئەسەد بگۆڕێت؟**

- لە راستیدا ناوچەکە لەم رووەوە لە نێوان دوو بژارەی سەختدایە، کاتێك ئەمەریکا دەستتێوەردان بکات، ئەوا بە سلبی لێی دەڕوانرێت، کاتێکیش پاشەکشە دەکات، ئەوا بوار و پانتاییەك بۆ هێزەکانی دیکە دروست دەکات بۆ ئەوەی ڕۆڵی تێکدەرانەی خۆیان بگێڕن، وەك روسیا کە پشتیوانی دیکتاتۆرەکان دەکات، وەك سیسی و بەشار ئەسەد، ئەویش نەك بە شێوازێکی بنیادنەر، بەڵکو بە شێوازێکی وێرانکار، وەك وێرانکردنی شارەکانی سووریا. هەروەها من دەڵێم نەبوونی یەکگرتوویی لە نێوان عەرەبدا بۆتەهۆی ئەوەی دەرفەت بۆ ئەم جۆرە دەستتێوەردانانە دروست بێت، کەواتە لە ئێستادا تورکیا و ئێران و رووسیا و ئەمەریکا بڕیار لە کاروبارەکانی ناوچەکە دەدەن و خەڵکی ناوچەکە تەنیا تەماشاکارن، کەواتە تاوەکو میسر ڕۆڵی خۆی بەدەست نەهێنێتەوە و تاوەکو سعودیە سیاسەتێکی پتر بنیادنەر و جدیتر نەگرێتەبەر و تاوەکو جامیعەی عەرەبی بەهێز نەبێتەوە، ئەوا هاوسەنگییەك بەدی نایەت لەبەرامبەر ئەم دەستێوەردانانەدا. لەبەر ئەوە تاوەکو ئەم بۆشاییە دەسەڵاتە هەبێت، ئەوا هێزەکانی دیکە پڕی دەکەنەوە، ئەگەر ئەمەریکا بکشێتەوە ئەوا رووسیا جێی دەگرێتەوە.

*** لە دوای بەهاری عەرەبی و رووداوەکانی دوایی هەژانێکی گەورە لە ناوچەکەدا دروست بوو، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە بۆتەهۆی ئەوەی ئەگەری گۆڕانی سنوورەکانی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە و دەوڵەتی نوێ دروست بێت؟**

- پێموایە ئەمە بیرۆکەیەکی مەترسیدارە، لە راستیدا چوار هەفتە لەمەوبەر چەند نەخشەیەك بڵاوکرانەوە لەلایەن چەند سیاسەتداڕێژەرێکی ئەمەریکییەوە کە تیایاندا بیرۆکەی ئەوە خراوەتەڕوو کە دەبێت سنووری وڵاتانی ئەم ناوچەیە لەسەر بنەمای زۆرینەی ئیتنی دابڕێژدرێتەوە، کە پێموایە یەکێك لە کێشەکانی ئەم تەرحە ئەوەیە تێنەگەیشتووە لەوەی ئەم

**کاتێک ئەمەریکا دەستێوەردان بکات، ئەوا بە سلبی لێی دەڕوانرێت، کاتێکیش پاشەکشە دەکات، ئەوا بوار و پانتاییەک بۆ هێزەکانی دیکە دروست دەکات بۆ ئەوەی ڕۆڵی تێکدەرانەی خۆیان بگێڕن**

**ئیدارەکانی ئەمەریکا، بەتایبەتی ئیدارەی جۆرج بۆش ئەو نەریتەیان هەبووە کە بە ئاشکرا ئیدانەی ئێرانیان کردبێت، بەڵام بە نهێنی هاوکارییان لەگەڵ یەکدا کردبێت**

سنوورانە چۆن دروستکران، چونکە تەنانەت ئەگەرچی ئەو سنوورانە بەپێی ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ دارێژران، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە هەندێ لەو سنوورانە پێش ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ لەئارادا بوون و هەندێ لەو سنوورانە مێژووییەکی کۆنتریان هەیە، لەبەر ئەوە بەلای منەوە چارەسەرەکە بریتی نییە لە گۆڕینی سنوورەکان، بەڵکو بریتییە لە پاراستنی ئەو سنوورانە و بە دیموکراتیکردنی ئەو وڵاتانە، کەواتە ئەگەر ئەم وڵاتانە بە دیموکراتی بکرێن و لەسەر بنەمای یەکسانی چەمکی هاوڵاتیبوون بچەسپێت، ئەوا چیتر ئەم کێشانە لەئارادا نامێنن.

*** بەڵام تاوەکو ئێستا مۆدێلێکی حوکمڕانیی سەرکەوتوو لە جیهانی عەرەبیدا نییە؟**

- لە ڕاستیدا هەمیشە بارگرژییەك هەبووە لە جیهانی عەرەبیدا، واتە هەمیشە کێشەیەکی بێ وەڵام و چارەسەر لە ئارادا بووە، کە بریتییە لە کێشەی بڕیاردانی چارەنوس لە لایەن عەرەبەوە لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، کە دواتر پرۆژەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی خراپەڕوو، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو زەبر و ناچارکردن بەکارهێنرا لەم ڕووەوە. لەبەر ئەوە من پێموایە دەبێت لە ناوخۆوە دەست بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم وڵاتانە بکرێت، واتە سەقامگیری لە ناوخۆدا بچەسپێت، بۆ ئەوەی کاتێك پرۆژەیەکی یەکگرتن هەبێت، وەك یەکێتی ئەوروپا، ئەوا لە چوارچێوەی ئەم یەکێتییەدا ڕێز لە ئۆتۆنۆمی ئەم وڵاتانە بگیرێت. کەواتە کاتێك باس لەوە دەکرێت کە سیستمی حوکمڕانی شکستی هێناوە، ئەوا چارەسەرەکە ئەوە نییە ئەم وڵاتانە دابەش بکرێن بۆ یەکەی بچووکتر. عێراق بە نموونە وەربگرە، با گریمانەی ئەوەی بکەین کە عێراق دابەش بووە بۆ سێ بەش، کوردستان و بەشە سوننە و بەشە شیعەکە، ئایا پێتوایە لە بەشە شیعەکەدا ناکۆکی ناوخۆیی ڕوونەدات، چونکە لە نێو شیعەکانیشدا ڕەوتی سەدر و حزبەکەی مالیکی هەن کە بەردەوام لە ناکۆکیدان، کەواتە گۆڕینی ئەم سنوورانە چارەسەر نییەو بگرە دەبێتەهۆی هاتنەئارای پشێوی و وێرانکاری زیاتر. کەواتە ئەگەرچی ئەمە ئەگەرێکەو لە ئارادایە، بەڵام هیچ کێشەیەك چارەسەر ناکات.

*** بەڵام لە عێراقدا کێشەی سەخت هەن، بۆ نموونە لە ئێستادا بێ متمانەییەکی زۆر لە نێوان پێکهاتەکاندا هەیە و پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق پەیوەندییەکی ئاسایی نییە و ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێت حکومەتی عێراق بودجەی کوردستانی بڕیوە و لە ئێستادا کورد پێیوایە مافە دەستوورییەکانی پێشێل کراون، لەم بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

- پێموایە ئەو کێشەیە دەبێت چارەسەر بکرێت و چارەسەرەکەش بە ناچاکردن و زۆرەملێ نابێت و بە دابەشکردنی عێراقیش نابێت، بەڵکو باشترە لە ڕێگەی کۆدەنگی و سیستمی فیدراڵییەوە، چارەسەر بکرێت، ئەمە سەرەڕای ڕێز و هاوسۆزیم بۆ کورد.

*** پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چین؟**

- لە ڕاستیدا باشترین سیناریۆ کە ڕووبدات ئەوەیە پێویستە وڵاتە عەرەبییەکان دەست بدەنە چاکسازییەکی جددی و چاکسازی دیموکراتی. هەروەها ئەوەیە جۆرێك لە یەکگرتوویی لە نێو عەرەبدا دروست بێت بۆ ئەوەی ببنە هێزێکی پارسەنگ لەبەرامبەر ئەو هێزانەی دەستێوەردان دەکەن لە ناوچەکەدا. خراپترین سیناریۆش ئەوەیە کە ئەم کێشانەی ئێستا لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بەردەوام بێت- کە پێدەچێت ئەمە حاڵەتەکە بێت- تا ئەو کاتەی کە درك بەوە دەکەن کە پێویستە جۆرێك لە یەکگرتوویی لە نێوانیاندا دروست بێت بۆ ئەوەی پارسەنگییەك لەبەرامبەر هێزە دەرەکییەکان دروست بکەن.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین ئێوە تا ڕاددەیەك گەشبینن و پێتانواییە بارودۆخەکە مایەی نائومێدیی تەواو بێت؟**

لە ڕاستیدا پێویستە بەردەوام گەشبین بین، چونکە کێ پێشبینی دەکرد کە ئەوروپا دوای دوو جەنگی جیهانی لەگەڵ یەکدا تەبا بێت و ڕێگری لەهەڵگیرسانی شەڕ بکات، چونکە ئەگەر لە ساڵی ١٩٤٦دا بە ئەوروپییەکانت بووتایە کە جارێکی دیکە شەڕ دروست نابێتەوە، پێیان دەوتی کە تۆ زۆر واقیعبین نیت، بەڵام چارەسەری عەمەلییان گرتەبەر ئەویش لەسەر بناغەی گەشبینی بە داهاتوو.

> **پێویستە وڵاتە عەرەبییەکان دەست بدەنە چاکسازییەکی جددی و چاکسازی دیموکراتی. هەروەها جۆرێك لە یەکگرتوویی لە نێو عەرەبدا دروست بێت بۆ ئەوەی ببنە هێزێکی پارسەنگ لەبەرامبەر ئەو هێزانەی دەستێوەردان لە ناوچەکەدا دەکەن**



### سەردار شێخ یەحیا قایمقامی شێخان بۆ گوڵان:

# پەکەکە لەمپەرێکی سەرەکییە لەبەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکانی شنگال

## لەگەڵ بوونی ٨٠ هەزار ئاوارە لەشێخان ئەگەری هاتنی شەپۆلێکی نوێی ئاوارەش لەئارادایە

**بوونی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی دەشتی نەینەواو شاری موسڵ لەشێخان بارگرانییەکی گەورەی بۆ ئەو شارە دروست کردووە، لە ئێستاشدا کێشە و ئاستەنگی زۆر لەبەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکاندا دروست بووە، هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی دیوی رۆژئاوای موسڵ ئەگەری هاتنی شەپۆلێکی نوێی ئاوارە هەیە، ئەم بابەتەو چەندین پرسی دیکەی تایبەت بە ئاوارەو دۆخی شێخان ئاراستەی سەردار شێخ یەحیا قایمقامی شێخان کران و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داوەتەوە.**

*** شێخان بەشاری پێکەوەژیانی نێوان ئێزیدی و موسڵمان و مەسیحی دادەنرێت، هەربۆیە لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی دژ بەتیرۆر زۆرترین ژمارەی ئاوارە رووی لەم شارە کردووە، ئەمەش بووە پاڵەپەستۆیەکی گەورە لەسەر یەکە ئیدارییەکان و دانیشتووانەکەی، ئایا لەگەڵ ئەم دۆخەدا چۆن هەڵسوکەوتتان کردووە؟**

- شێخان لە رووی ئایینی و نەتەوەییەوە پێکهاتەی جۆراوجۆری ئێزیدی و موسڵمان و مەسیحی و کوردو عەرەب و کلدان و ئاشووری و تورکمانی تێدایە، نزیکیشی لەسەنتەری شاری موسڵ پێگەیەکی جوگرافیای وای پێداوە کە ٨٠ هەزار ئاوارەی دەشتی نەینەواو شاری موسڵ روو لەم ناوچەیە بکەن. لە رووی مێژووییشەوە دەشتی نەینەوا لەساڵی ١٨٨٠ـەوە سەر بە ئیماراتی شێخان بووەو لەشێخانەوە حوکمی ئەم ناوچەیە کراوە، هەر لەدامەزراندنی حکومەتی عێراقیشەوە شاڵاوی تەرحیل و تەعریب دەرهەق بەخەڵکی ئەم ناوچە کوردستانییە ئەنجامدراوەو خەڵکە رەسەنەکەی دەربەدەر کراون، وەنەبێت هاتنی ئاوارەکان بۆ شێخان تەنیا لەم دوو ساڵەی شەڕی تیرۆرستانی داعش دەستی پێکردبێت، بەڵکو هەر لەساڵی ٢٠٠٣وە کوردو مەسیحییەکان لەئەنجامی شاڵاوی شۆڤێنی و تیرۆریستانی قاعیدەو هاوشێوەکانی بەناچاری ئاوارە بوون و روویان لەم ناوچەیە کردووە، دواتر لەگەڵ هاتنی داعش و تەسلیمبوونی پێنج فیرقەی سەربازیی عێراق لەموسڵ و دەوروبەری بووە هۆکاری ئاوارەبوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆری هاووڵاتیان، بە رادەیەك سەرەتا ٤٠ هەزار ئاوارە رووی لە سنوورەکەمان کردو بەسەر ٤ کەمپ و سەنتەری شێخان نیشتەجێکران، کە سێ کەمپیان تایبەت بوو بەکوردانی ئێزیدی و خەڵکی ناوچەی شنگال و کەمپێکیشیان لەنەتەوەی عەرەب پێکهاتووە، لەگەڵ پرۆسەی ئازادکردنی موسڵیشدا بڕیار لەسەر دروستکردنی ٤ کەمپی دیکە درا، ئێستاکەش ٤٠ هەزار ئاوارەی تر رووی لەشێخان کردووەو ژمارەی ئاوارەکانی دەشتی نەینەواو شاری موسڵ بۆ ٨٠ هەزار ئاوارە بەرزبووەتەوە. ئەمەش بارگرانییەکی زۆری لەسەر یەکە ئیداریی و خزمەتگوزارییەکان و تەندروستی و پەروەردەیی لێکەوتەوە، لەبەرامبەریشدا حکومەتی عێراق تەنانەت هاوکاری و یارمەتی ئەو خەڵکە ئاوارەیەشی نەکردووە کە لەشاری موسڵ و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوان و بەهۆی کەمتەرخەمی سوپاو هێزە ناوخۆییەکانەوە بوونە قوربانی.

*** لەگەڵ ئەم کەمتەرخەمییەی حکومەتی ناوەندیدا بەڵام لە ئێستادا ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی دیوی رۆژئاوای موسڵ دەستی پێکردووە، ئایا پێشبینی هاتنی شەپۆلێکی تری ئاوارەی شاری موسڵ بۆ شێخان دەکرێت؟**

- لە یەکەم رۆژی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ تا ئەمڕۆ بەبەردەوام ئاوارەکانی ئەو شارە روو لەسنوورەکەمان دەکەن، تەنانەت نەخۆش و بریندارە مەدەنی و سەربازییەکانی سوپای عێراق رەوانەی نەخۆشخانەکانمان دەکەن، هەربۆیە بەهاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان توانرا ٤ کەمپی ئاوارە دروست بکرێت، بەمەش توانرا تا رادەیەکی باش ئاوارەکان نیشتەجێ بکەین، بەڵام ئەگەر بێتوو هەردوو رێگای (ناوەران- شەلالات – موسڵ)-(باشیك- تەحریر- موسڵ) بکرێتەوە، ئەوا چاوەڕوانی هاتنی شەپۆلێکی نوێی ئاوارەی موسڵ دەکەین، ئەمەش ئاوارەش بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی شەڕەکەو زیانە مەدەنییەکانەوە، هەرچۆنێك بێت ئێمە ئامادەکاریمان کردووە بۆ ئەگەری هاتنی شەپۆلێکی تری ئاوارەی موسڵ و رێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و بۆردی مرۆیی پارێزگای دهۆکیش ئاگادار کراوەتەوەو ئامادەباشییان کردووە، چونکە ئەگەر شەقامی سەرەکی نێوان (شێخان – موسڵ) بکرێتەوە، ئەوا ژمارەیەکی زۆری ئاوارە روو لەقەزاکەمان دەکەن، لە رووی ئەمنی و سەربازییشەوە ئامادەباشی وەرگیراوە بۆ ئەوەی هیچ هەڕەشەیەك لەسەر سنوورەکەمان دروست نەبێت. ئەو خەڵکەی لەدیوی ئەمبەری موسڵن و لەژێر دەسەڵاتی سوپای عێراقدان لەبارودۆخێکی ناسەقامگیرو مەترسیدان و هێشتا شانە خەوتووەکانی داعش لەناو شارەکە بوونیان هەیە، هەربۆیە واچاوەڕوان ناکرێت، خەڵکی موسڵ وا بەزوویی و خێرایی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، چونکە پێویستە لە رووی سەربازی و ئاسایشەوە ناوچەکە سەقامگیرو ئارام بکرێت و دواتر لە رووی خزمەتگوزارییەوە کاری بەپەلەو باش ئەنجام بدرێت، ئەو کات زەمینەسازی بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان دەکرێت. سەبارەت بەئاوارەکانی کوردانی ئێزیدیی شنگال ئەوان بەهۆی بوونی هێزی سەربازی پەکەکە لەو ناوچەیەدا نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. کوردانی ئێزیدی و برایانی مەسیحی دووچاری زیانێکی گەورە بوون و ناوچەکانیان لەدەشتی نەینەواو

**شێخانییەکان جگە لەهێزی پێشمەرگەی کوردستان و جەنابی سەرۆک بارزانی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە قبووڵی هیچ هێزێکی دیکە ناکەن کە بە شێوەیەکی ناشەرعی و نایاسایی لە ناوچەکەیاندا جێگیر بێت**

**دەزگای خێرخوازی بارزانی و دەزگای روانگە بەپاڵپشتی رێکخراوەکانی (UNHCR- IOM-ACF-IHP) خزمەتێکی بەرچاویان بۆ ئاوارەکان لەم سنوورە کردووە**

**شێخان کوردستانییەو هەر بەکوردستانییش دەمێنێتەوە و تا ئێمەش خاوەنی هێزی پێشمەرگە بین، مومکین نییە هیچ کەس و لایەنێک بتوانێت ئەم ناوچەیە تەعریب بکات**

**کاتێک پێشمەرگەو خەڵکی شێخان لەمیحوەرەکانی شەڕ بوون بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش چەندین جار حەشدی شەعبی بەچەک و جلوبەرگی رەش و دەمامکدارەوە هاتن و ویستیان لەدەوروبەری پەرستگای لالش جێگیر بن**



**پەکەکە لە رووی نێودەوڵەتییەوە ناوبانگ و متمانەیەکی باشی بۆ خۆی دروست نەکردووە و بوونیشیان لەشنگال بەهێزێکی ناشەرعی لەقەڵەم دەدرێت، هەربۆیە سەرجەم رێکخراوەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا ئەنجامدانی کارە خێرخوازییەکانیان لەشنگال رەت دەکەنەوە**

**بەشێکی زۆری ناوچەی شنگال و بە سەنتەری شارەکەوە ئازادکراوە، بەڵام خەڵکەکەی ئامادە نین بگەڕێنەوە و هێشتا لەکەمپەکاندا نیشتەجێن**

شنگال وێران بووەو رێکخراوە مرۆییەکانیش لەبەر بوونی ئەو هێزە ناشەرعییانە ناچنە ئەو شوێنە ئازادکراوانە تاوەکو کاری خێرخوازی و ئاوەدانکردنەوە ئەنجام بدەن، ئەمەش هۆکارێکی تری نەگەڕانەوەی ئاوارەکانی شنگالی نیشتەجێبوونی کەمپەکانی سنووری قەزای شێخانە.

*** باسی خەڵکی شنگالت کرد؛ ئایا هەڕەشەو لێدوانەکانی حەشدی شەعبی و پەکەکە چ زیانێکی بە دواکەوتنی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە گەیاندووە؟**

- سەرەتا هەموومان دەزانین کە هیچ کوردێکی ئێزیدی و پێکهاتەی مەسیحی متمانەی بەسوپای عێراق نەماوە، دوای ئەوەی پێنج فرقەی سەربازی بەچەکی پێشکەوتووەوە هەمووی تەسلیمی داعش بوون، ئەوەتا بەشێکی زۆری ناوچەی شنگال و بە سەنتەری شارەکەوە ئازادکراوە، بەڵام خەڵکەکەی ئامادە نین بگەڕێنەوە و هێشتا لەکەمپەکاندا نیشتەجێن. هەروەها بەبوونی هێزێکی چەکدار کە بە بوونیان لەوێدا بە ناشەرعی دادەنرێت، بۆتە هۆکارێکی تری نەگەڕانەوەی خەڵکی شنگال، چونکە بوونی پەکەکە وایکردووە نائارامی لەو ناوچەیەدا دروست بێت، ئەم نائارامییەش وایکردووە هەوڵەکانی پاککردنەوەی شارەکە لە زبڵ و خاشاکی شەڕو وێرانی و جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دوابکەوێت، هەربۆیە لەمپەڕی سەرەکی لەبەردەم گەڕانەوەی خەڵکی شنگال بۆ سەرماڵ و حاڵی خۆیان و دواکەوتنی ئاوەدانکردنەوەی شارەکە بۆ بوونی پەکەکە دەگەڕێتەوە، ئەم بابەتەمان لەگەڵ سەرجەم رێکخراوەکان باس کردووە، بۆ ئەوەی بچنە ئەو ناوچانەی کە خەڵکەکە ئاوارە بووەو کاری خێرخوازی و ئاوەدانکردنەوە لەوێش ئەنجام بدەن، ئەوان لەسەرجەم دانیشتنەکاندا پێمان دەڵێن ئامادەنین بچینە ناوچەیەك کە ئارام نەبێت، پەکەکە لە رووی نێودەوڵەتییەوە ناوبانگ و متمانەیەکی باشی بۆ خۆی دروست نەکردووە و بوونیشیان لەشنگال بەهێزێکی ناشەرعی لەقەڵەم دەدرێت، هەربۆیە سەرجەم رێکخراوەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا ئەنجامدانی کارە خێرخوازییەکانیان لەشنگال رەت دەکەنەوەو تەنانەت تەمویلی رێکخراوەکانی ناوخۆش ناکەن بۆ ئەنجامدانی کارو پرۆژەکانیان. ئەمە راوبۆچوونی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانە بەتایبەتی رێکخراوەکانی ئەوروپا و ئەمەریکاو وڵاتانی عەرەبی کە ئامادەییان تێدا نییە بچنە شنگال و هاوکاری دووبارە ئاوەدانکردنەوەو بونیادنانەوەی شارەکە بکەن، خەڵکی شنگال قوربانییەکی گەورەیان داوە و شایەنی ئەوەن ناوچەکەیان نەکرێتە گۆڕەپانی ململانێی تائیفی و ئیقلیمی، بەپێچەوانەوە پێویستە هاوکاری و یارمەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببرێتە ئەو شارە کە بەتەواوەتی وێران بووە.

*** ئایا لەگەڵ بوونی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە لەناوچەکەدا تاچەند توانراوە لایەنی ئەمنی و سەقامگیری ناوچەکە بپارێزرێت؟**

- چاوی تەماعکاری و دوژمنان لەسەر شێخان مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، جگە لەتیرۆرستانی داعش گروپە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی-یش بەرنامە و پلانیان هەبووە بۆ تێکدانی رەوشتی ناوچەکە، کاتێك پێشمەرگەو خەڵکی شێخان لەمیحوەرەکانی شەڕ بوون بۆ رووبەڕووبوونەوەی



داعــش چەندیــن جــار حەشــدی شــەعبی بەچــەك و جلوبەرگــی ڕەش و دەمامكــدارەوە هاتــن و ویســتیان لەدەوروبــەری پەرســتگای لالــش جێگیــر بــن، خۆشــبەختانە هــەر زوو دەنگــی نارەزایەتــی خەڵكەكــە بــەرز بــووەوەو ســەركردایەتی سیاســی و حكومەتــی كوردســتان بڕیاریــدا بــە زووتریــن كات دەبێــت ئــەو هێزانــەی لــەم سنــووره نەمێنن، من پێموایه لەو ناوچه كوردستانییانەی كــە حەشــدی شــەعبی نائارامــی و ناسـەقامگیری دەنێنـەوە كەسانێك بوونیان هەبـووە كـە خۆیان هـۆكار بـوون بۆ هاتنی ئـەو هێزانـه. بۆیـه ئـەو گروپـه چەكدارانـەی دوور لـە مەزهـەب و دابونەریت و كەلتووری كوردەوارییەوە بوونیان هەیـە ئەوەتا لەتەواوی سنووری شێخان حەشدی شـەعبی نەیتوانی خەڵكی ئـەم ناوچەیـە فریـو بـدات، شێخانییەكان جگـە لەهێزی پێشـمەرگەی كوردسـتان و جەنابـی سـەرۆك بارزانـی فەرماندەی گشـتی هێزی پێشـمەرگە قبووڵـی هیـچ هێزێكـی دیكـە ناكـەن كـە بـە شـێوەیەكی ناشـەرعی و نایاسـایی لـە ناوچەكەیانـدا جێگیـر بێـت.

*** ئایـا لەگـەڵ بوونـی ئـەو ژمـارە زۆرەی ئـاوارەو ئەگـەری هاتنی شـەپۆلێكی دیكـەی ئاوارە مەترسی گۆڕینی دیموگرافیای دانیشتووانی ناوچەكە نییـە؟**

- ئومێدمــان زۆره لەگــەڵ ئازادكردنــەوەی موســڵ عەرەبـە ئاوارەكانـی ئـەو شـارە بگەڕێنـەوە، ئاوارەكانـی دیكـەی كوردانـی ئێزیدیـش هاونیشـتمانییانی خۆمانن، ئەوانیش ئومێدیان زۆره چەكدارانی بیانی لەشارەكەیان بـڕۆن و هـەر زوو ڕێكخـراوە نێودەوڵەتییـەكان ڕوو لـەو ناوچەیـە بكـەن و پـرۆژە خزمەتگوزارییەكانیـان ئەنجام بدەن، مەسـەلەی گۆڕینـی دیموگرافیای دانیشـتووانی شـێخان كارێكـی وا ئاسـان نییـە و لـە دێرزەمانـەوە ڕەسـەنایەتی خەڵكـی ئـەم شـارە شكسـتی بـەو هەوڵانـە هێنـاوە، تـا ئێمـە خاوەنـی هێـزی پێشـمەرگە بیـن، مومكیـن نییـە هیـچ كـەس و لایەنێـك بتوانێـت ئـەم ناوچەیـە تەعریـب بكات هەربۆیـە شێخان كوردستانییەو هــەر بەكوردســتانیش دەمێنێتــەوە.

*** ڕێكخـراوە نێوخۆییەكانـی كوردسـتان تاچەنـد توانیویانـە هـاوكاری و یارمەتـی ئـەو ژمـارە زۆرەی ئـاوارەو پەناهەندەیـە بكـەن؟**

- دەزگای خێرخـوازی بارزانـی و دەزگای ڕوانگـە بەپاڵپشــتی ڕێكخراوەكانــی (UNHCR-IOM-ACF-IHP) خزمەتێكـی بەرچاویـان بـۆ ئـاوارەكان لـەم سـنووره كـردووە، ئەمـەش هەمـووی لـە ڕێگـەی بـۆردی كاروبـاری مرۆڤایەتـی پارێـزگای دهـۆكـەوە ئەنجام داروە كـە خـودی پارێزگاری دهـۆك پاڵپشـتی و سەرپەرشتیی ئـەم بۆردە دەكات، هـەر لەدابینكردنـی خواردەمەنـی و كەرەسـتەو پێداویسـتی ناومـاڵ تـا پێداویسـتییەكانی نیشـتەجێبوون و تەندروسـتی و سەرپەرشـتیكردنی ئـەو منداڵانـەی بێسەرپەرشـتن، ئەمـەش توانیایەكـی گـەورەو بەردەوامـی پێویسـتە بەتایبەتـی لـە ڕووی دابینكردنـی خزمەتگـوزاری كارەبـاو ئـاوو تەندروسـتی و پەروەردەییـەوە، بگـرە لەهەمـوو كەمپەكانی سنوورەكەمان جگـە لەقوتابخانەو بنكـەی تەندروسـتی و سـەنتەری هاریـكاری گەنجانمان كردۆتـەوە تەنانـەت داوامـان لـە ڕێكخـراوەكان كـردووە پرۆژەیـان هەبێـت گەنجەكانـی نـاو كەمپـەكان كاریـان بـۆ بدۆزرێتـەوە، لەمبارەیـەوە توانیمـان بەگرێبەست كار بـۆ ٣٠٠ كـەس و بـۆ مـاوەی سێ مانـگ بدۆزینـەوەو زیاتـر جەختمـان لەسـەر خوشـك و برایانـی ئێزیـدی كـردەوە.

**هێشتا شانە خەوتووەكانی داعش لەناو شارەكە بوونیان هەیە، هەربۆیە واچاوەڕوان ناكرێت، خەڵكی موسڵ وا بەزوویی و خێرایی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان**

**حكومەتی عێراق تەنانەت هاوكاری و یارمەتی ئەو خەڵكە ئاوارەیەشی نەكردووە كە لەشاری موسڵ و ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی ئەوان و بەهۆی كەمتەرخەمی سوپاو هێزە ناوخۆییەكانەوە بوونە قوربانی**